# ڕەهەندەکانی پشت ئاوارە و دەربەدەرلە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-٢٠١٥ لە هەرێمی کوردستاندا
## لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریدا


**م. ئەحمەد ڕەفیق کەریم**

**زانکۆی سلێمانی**
**فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان / سەیدسادق**
**بەشی جوگرافیا**


**پێشەکی**

جێگۆڕکێ و جوڵە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یەکێك بووە لە سیما و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ هەر لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەر ڕووی ئەم زەویە دا ، بێگومان کۆمەڵێك هۆکار لە پشت جێگۆڕکێی مرۆڤەکانە وەك هۆکاری ئابوری، کۆمەلأیەتی و ڕامیاری و ئاینی... فاکتەرەکانی پشت جێگۆڕکێی مرۆڤەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی تا ناوچەکی تری جوگرافی دەگۆڕێت، بەڵکو دەشێت لە هەمان ناوچەی جوگرافی لە کاتێك بۆ کاتێکی تریش بگۆڕێت، لەبەر ئەم هۆکارانە ژمارەیەکی زۆر لە دەربەدەر لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەرهەڵدانی ململانێی ڕامیاری و ئاینی و مەزهەبی لە نێوان مەزهەبی شیعە و سونە، ڕوویان لە شارەکانی کوردستان کرد، پاشتر بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی ڕامیاری لە کۆماری سوریای عەرەبی ژمارەیەکی زۆر لە هاولأتیانی سوری وەك ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەلأم پاش دەرکەوتنی داعش بەهێزێکی زیاتر لە سوریا و عێراق و کەوتنی شاری موسڵ و تکریت ژمارەیەکی زۆرتر لە ئاوارە و دەربەردە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بێگومان هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی دەربەردەر و ئاوارە بۆ هەرێم چەندین سود و زیانی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئاسایش...ی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە وەك هەر توێژینەوەیەکی تر ئەکادیمی، لە کێشەیەك دەکۆڵێتەوە ئەویش پڕبوونی هەرێمی کوردستانە بە ژمارەیەکی زۆر لە کۆچکەر و دەربەدەر و ئاوارە، لێرەدا لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو:

١-ئایا هەرێم ئامادەبوو بۆ هاتنی ئەم کۆمەڵە مرۆییە زۆرە؟ ئایا ئەم کۆمەڵە مرۆییانە تا کەی لە هەرێم دا دەمێننەوە؟ هەرێم تا کەی دەتوانێت ئەم کۆمەڵە مرۆییانە لە خۆ بگرێت؟

٢-ئایا ئەم کۆمەڵە مرۆییانە چ سود و زیانێکیان هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لە ئێستا و لە ئایندەدا؟

٣-ئایا ئایندەی پێکهاتەی تەمەن و ئاینی و نەتەوەیی و ڕەگەزی لە کوردستان دا بەرەو کوێ دەگات؟

٤-ئایا فاکتەرەکانی پشت ڕاوەدونانی ئەم کۆمەڵە مرۆییانە بەردەوامن؟ لە ئایندەدا ڕێژەکە دەگاتە چەند؟

**چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەكە:**

**شوێنی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە باشوری كوردستان واتە حكومەتی هەرێمی كوردستان و ناوچەكانی دەرەوەی ئیدرەی هەرێم (ئەو ناوچانەی كە هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوونی ڕاستەقینەیان هەیە لەوێ وەك كەركوك سیمبولی بەرخۆدانی گەلی كورد).**

**چوارچێوەی كاتی توێژینەوەكە**

**بەگشتی لە جوڵەی كۆمەڵە مرۆییەكان دەكۆڵینەوە بە تایبەت لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس تا دەگات بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ.**

**گرنگی توێژینەوەكە**

**ئەم توێژینەوەیە گرنگییەكی زۆری هەیە بۆ پێدانی بەرچاو ڕوونی بە حكومەتی هەرێم و دام و دەزگا پەیوەندیی دارەكان بەتایبەتی و خەڵكی كوردستان بە گشتی لە بەردەوامی و مانەوەی ئەم كۆمەڵە مرۆییانە لەكوردستاندا كە چەندین كاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دەبێت لەسەر ئێستا و ئایندەی نەتەوەی كورد و خاكی كوردستان لەوانە:**

**١-پێدانی بەرچاوو ڕوونی بە لایەنی بەرپرس لە كاریگەرییە نەرێنییەكانی بوونی ئەم ژمارە زۆرەی دەربەردەر و ئاوارە و كۆچەر، لە ڕووەكانی ڕامیاری، ئاسایش، ئابوری، نەتەوەیی، كلتوری، بەڕێوەبردن، كۆمەڵایەتی، جوگرافی، زمان، تاوان، هەڵبژاردن...**

**٢- خستنە ڕووی لایەنی ئەرێنی هاتنی ئەم كۆمەڵە مرۆییانە بۆ هەرێمی كوردستان لە ئێستاو لە ئایندەدا.**

**٣- پێدانی بەرچاو ڕوونی بە لایەنی بەرپرس بۆ چۆنیەتی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەم كۆمەڵ مرۆییە زۆرە و زیان نەگەیاندن بە ئەزموونی ئێستا و داهاتووی هەرێم.**

**٤-پێدانی بەرچاو ڕوونی بە تەواوی دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێم و تەواوی میدیای كوردی لە ناوهێنانی دەربەدەر و ئاوارە بەشێوەكی زانستی و دروست و تێكەڵ نەكردنی لە ڕووی چەمكەوە، وەك ئەوەی ئێستا دەبیسترێت**

**گریمانەی توێژینەوەكە:**

**لە توێژینەوەكەدا گەیشتوین بە چەند گریمانەیەك لەوانە:**

**١-ئاسۆی گەڕانەوەی دەربەردەران بۆ زێدی خۆیان لاوازە، چونكە پاش داگیركردنی شاری موسڵ لە( ١٠ی حوزەیران٢٠١٤)جەنگی ڕاستەقینەی خوێناوی ئاینی و مەزهەبی لە عێراق دا سەری هەڵدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم كۆمەڵە مرۆییانە سودی هەیە لە ڕووی سود وەرگرتن لە تواناو شارەزایی دەربەدەر و ئاوارەكان و سود وەرگرتن لە پسپۆرییە دەگمەنەكانیان. ئەمە جگە لە پیشاندانی ڕوویەكی جوان و مرۆڤ دۆستانەی گەلی كورد بە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەو گەلەی ڕۆژانێك ئاوارە بوو لەسەر دەستی زۆرێك لەم دەربەدەر و لانەوازانە، ئێستا گەلی كور لە خراپترین بارودۆخی ئابوریدا باوەشی گەرمی بۆ كردوونەتەوە بە بێ گوێدانە مەزهەب و ئاین و نەتەوەكانیان ئەم گروپە مرۆییە دەپارێزن. ئەمە جگە لە پیشاندانی وێنەی پێكەوە ژیانی ئاشتیانە(التعایش السلمی-peaceful coxistence)و ژیان دۆستی گەلی كورد بۆ كەمایەتییە ئاینی و ئاینزاكان و نەتەوەكانی تر.**

٢-بەلاّم ئەم کۆمەڵە مرۆییە گەورەیە، بەلایەنی کەم فشارێکی زۆری ئابوری دروست کردوە لەسەر هەرێم لەم دۆخە ئابورییە سەختەی هەرێم دا، ئەمە جگە لەوەی دەشێت ببنە هۆی دروست کردنی کێشە لە ڕووی ڕامیاری و ئاسایش و ئابوری و نەتەوایەتی و جوگرافی... بۆ هەرێمی کوردستان لە ئێستا و لە ئایندەدا.

٣- هاتنی ئەم کۆمەڵە مرۆییە زۆرە لە کاتێکدا بوو کە چەندین مانگ بوو بەغداد بوودجەی هەرێمی بڕیبوو و هەرێم بە قورسترین بارودۆخی ئابووریدا تێپەر دەبوو، بۆیە هەرێم هیچ ئامادەییەکی ئابوری نەبوو بۆ هاتنی ئەم ژمارە زۆرە لەوانەی بە دوای سەرپەنادا دەگەڕین( asylum seeker)، چونکە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت مووچە خۆرانی هەرێم هەمیشە پاش(٦٠-٩٠)ڕۆژ لە وادەی یاسایی خۆیان مووچە وەردەگرن، ئەمە جگە لە نزیکی هەرێم بە توش بوونی بە ئیفلیجی تەواو لە زۆربەری کەرتەکانی تری وەك وەبەرهێنان، بەردەوامی بارودۆخ بەم جۆرەی ئێستا و قوڵتربوونەوەی کێشەکانی بەغداد و هەولێر و سزادانی هەرێم لە لایەن حکومەتەکەی عەبادی و نەدانی مافی یاسایی خۆی لە بوودجە گشتی عێراق پاش پابەند بوونی تەواوی هەرێم بە ڕێکەوتنە نەوتیەکەی لەگەڵ بەغا، کەمی هاریکاری ڕێکخراوە جیهانیەکان ، هەرێم ناتوانێت بەردەوام بێت لە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری و مانەوەی ئەم ژمارە زۆرە لە کۆچەر و دەربەدەر و ئاوارە لەسەر خاکەکەی.

٤- فاکتەرەکانی پشت کۆچ کردن یان ئاوارەبوونی ئەم کۆمەڵە مرۆییانە هەر ماوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت چونکە پاش کەوتنی دووەم گەورەترین شاری عێراق لەسەر دەستی داعش، گەورەترین پارێزگای عێراقیشان کۆنترۆڵ کرد.نەك هەر لە عێراق ئەم ڕێکخراوە لە سوریاش هەر بەهێزە و لە پێشڕەویدایە و حەشدی شەعب-یش بەردەوامە لە تۆڵەکردنەوە لە دانیشتوانی سونی لەو ناوچانەی کە لە دەستی داعش کۆنترۆڵی دەکەنەوە.بۆیە پێشبینی هاتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە دەربەدەر و ئاوارە دەکرێت بۆ هەرێم لە ڕۆژانی ئایندەدا یان لە مانگەکانی ئایندەدا بە تایبەتریش پاش خۆئامادەکرنی عێراق بۆ گرتنەوەی شارەکانی موسڵ و ڕوومادی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنێکی ووردی ئەکادیمییانەیە بۆ بارودۆخی ئێستا و داهاتووی هەرێم لە ڕوانگەی جوگرافیای ڕامیارییەوە، پاش هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە دەربەدەر و ئاوارە بۆ ئەم هەرێمە و وێناکردنی تەواوی دۆخەکەیە بۆ بەرچاوی لێپرسراوان و هاندانیان بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی دروست بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم ژمارەی زۆرەی ئاوارە و دەربەدەر و بەدەستهێنانی دەستکەوتنی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر ئەم هەڵوێستە مرۆڤ دۆستانەیەی گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێم، نەك زەرەرمەند بوونی زیاترمان لەسەر دەستی دەربەدەرە عەرەبەکان.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

لەبەر نوێی دیاردەکە و بابەتی توێژینەوەکە. هیچ سەرچاوەیەکی چاپ کراو بلاّوکراوە لەسەر ئەم دیاردەیە نەبووە، بۆیە توێژەر ناچار بووە پشت ببەستێت بە داتاکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و ڕێکخراوە جیهانیەکانی تایبەت بەم بوارە.

**بەشی یەکەم: ئاوارە و دەربەدەر لە هەرێمی کوردستان، پێش ڕووداوی کەوتنی شاری موسڵ.**

کۆچ کردن یەکێکە لەو ڕێگایانەی مرۆڤ دەیگرێتە بەر بۆ دورکەوتنەوە لەو شوێنەی پێشتر لێ ژیاوە، بە ئامانجی پاراستنی خۆی و ئەندامانی خێزانی یان دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەتر بۆ خۆی یان بۆ ئەندامانی خێزانەکەی لە چاو ئەو شوێنەی کە کۆچی لێکردوە ، بەڵام جولە مرۆییەکان جیاوازە بە جیاوازی مەبەست و ماوە و هۆکارەکانی پشت جوڵەکە.. .

وەك ئاشکرایە بەهۆی زۆر بووی قەیرانە جۆربەرجۆرەکانی وولاتانی جیهان(ناوخۆی و نێودەوڵەتی) ژمارەی دەربەردەر و ئاوارە  ساڵ لە دوای ساڵ ڕوو لە زیاد بون دەکەن، لە ئەنجامی چەوساندنەوە و ململانێ و بلاوبونەوەی توندو تیژی و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٣ دا زیاتر لە(٥١)ملیۆن هاوڵاتی لەسەرانسەری جیهاندا دەربەدەر و ئاوارە بوون، لەم ژمارەیە نزیکەی( ١٠,٧)ملیۆن کەسییان ئاوارە یان دەربەدەری نوێ بوون کە لە ساڵی ٢٠١٣ تۆمار کراون، لەم ژمارەیەش(٨.٢)ملیۆن-یان لەسنوری وولاتەکانیان دەربەردەربوون، ئەمەش بەرزترین ژمارە بوە تا ئەو کاتە تۆمارکرابێت، ڕۆژانە(٣٢٢٠٠)کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوە، واتە تێکرا ڕۆژانە(٨٨٠٠)کەس زیاتربوە لە چاو ساڵی(٢٠١٢)دا کە تێکرا ڕۆژانە(٢٣٤٠٠)کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوە، ڕۆژانە(١٨٠٠٠) زیاتر بووە لەچاو ساڵی ٢٠١١ دا کە( ١٤٢٠٠)کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوە. پاکستان لە ریزبەندی یەکەمی گرتوە بە میوانداری کردنی(١,٦ملیۆن پەنابەر)دواتر کۆماری ئیسلامی ئێران لە پلەی دووەمی ڕیزبەندی میوانداریکردنەکەدایە(٨٥٧٤٠٠) پەنابەری وەرگرتوە ، پاشتر لوبنان بە پلەی سێیەم دێت و میوانداری(٨٥٦٥٠٠) پەنابەری کردوە، دواتر ئوردن بەپلەی چوارەم دێت بە(٦٤١٩٠٠)پەنابەر و پاشان تورکیابە پلەی پێنجەم دێت بە داڵدەدانی(٦٠٩٩٠٠)پەنابەر[١]. لەم بەشەدا جوڵە مرۆییەکان دەناسێنین و خاڵی هاوبەش و جیاواز و ناکۆك و هۆکاری پشت جوڵە مرۆییەکان دەخەینە ڕوو.

**باسی یەکەم: ناساندنی کۆچەر و دەربەدەر و ئاوارە:**

چەمکی جوڵە(mobility)چەمکێکی گشتییە، بەڵام جوڵەی شوێنی(spatial mobility)هەموو جوڵەکانی نێوان هەرێمەکان دەگرێتەوە ، چ ناوبەناو بێت(circulation)یان کۆچکردن(migration)بێت، جوڵەی شوێن-یش جۆراوجۆرن وەك خێڵەکی یان گەرمیان و کوێستان(nomadism)، ئەو مرۆڤانەی گوزەر دەکەن(transhumance) و گەشتی ڕۆژانە(commuting)گەشتی گەشتیاران(recreational travel)[٢].

پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئابوری و پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن و فراوانتربوونی ڕۆشنبیری تاك و خۆ گونجاندنی لەگەڵ ژینگە نوێیەکان هۆکارن بۆ خێرا کردنی جوڵەی مرۆڤەکان[*] ، مرۆڤەکان بە مەبەستی جیا و بە شێوەی جۆراو جۆر جوڵە دەکەن لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر، بەڵام بە پێی جۆر و قەبارە و فاکتەرەکانی پشت کۆچەکە، دەتوانین جوڵەکانی مرۆڤ پۆلێن بکەین، بۆ نمونە(المتنقلین) ئەو کۆمەڵە

---

[١] – UNHCR، التكليف الانسانية للحرب الاتجاهات العالمية ٢٠١٣، طبعة الاولى،٢٠١٣، ص٢.

[٢] – طه حمادي الحديثي، جغرافية السكان،مديرية دار الكتب للطباعة والنشر-الموصل،١٩٨٨، ص٤١٨-٤١٩.

[*] -جوڵەی مرۆڤەکان هەندێکیان وەرزین(seasanal)هەندێکی تریان مەبەستی چێژ و گەشت دەکەن، هەندێکی تریان لە ناوەندی شارو دەورووبەریان بەردەوام لە جوڵەدان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆرەکانی جوڵە تکایە بڕوانە: عبد علي حسن الخفاف، عبد مخور الريحاني، مطبعة جمعة البصرة،١٩٨٦. ص٢٨٠.

مرۆڤانەن کەشوێنی نیشتەجێ بوونیان دەگۆڕن،* بەلاّم کۆچەر بە هەموو ئەو کەسانە دەگوترێت کە لە یەکەیەکی کارگێڕییەوە کۆچ دەکەن بۆ یەکەیەکی کارگێڕی تر، واتە هەموو کۆچەرێك جولّە کارە، بەلاّم مەرج نیە هەموو جولّە کارێك کۆچەر بێت[3]. یان کۆچکردن بریتییە لە دیاردەیەکی جوگرافی، ویستی مرۆڤ ڕۆلّی هەیە لە گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك کە ژیان تیایدا قورسترە بە بەراورد بەو شوێنەی کە کۆچی بۆ دەکات[4]. کۆچیش دوو جۆرە یان ناوخۆییە یان دەرەکییە، دەشێت کۆچەکە بە ویستی کۆچەر بێت یان دەشێت لە دەرەوەی ویستی کۆچەر بێت، هەروەها دەشێت کۆچەکە کاتی بێت و دەشێت هەمیشەیش بێت[5].

بەلاّم جۆرێکی تر لە جولّە مرۆییەکان، کارەساتە سروشتییەکان یان کارەساتە مرۆییەکانی لە پشتە، ناچارن کە هەلّبێن لە زێدی خۆیان و پەرەوازە دەبن بۆ ناوچە و شوێنی تر، دەشێت هەر لە سنوری وولاّتەکەدا بمێنەوە، یان سنورەکەش تێپەڕێنن. کەواتە:

(دەربەدەر، لانەواز ، پەرەواز- النازح- Displaced people or Asylum seekers): بە پێی لیژنەی خاچی سور**ی نێودەولّەتی بە هەموو ئەو کەسانە دەوترێت کە هەلّدێن لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ شوێنێکی تر بەلاّم هەر لە چوارچێوەی دەولّەتەکەدا دەمێننەوە[6].

دەربەدەری ناوەکی بریتیە لە هەموو ئەو کەس و گروپانەی ناچارکراون مالّەکانی خۆیان و ناوچەی نیشتەجێبوونیان بەجێبهێلّن و هەلّبێن، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە ململانێی چەکداری یان توندوتیژی یان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ یان ڕووداوی سروشتی و ڕووداوی مرۆیی، بەلاّم لە سنور ولاّتەکەیان تێناپەڕێنن[7].

* –کۆچی مرۆڤەکان جۆراوجۆرن هەندێکیان سەرەتایین(بدائیة)، هەندێکی تاك ئەنجامی دەدات، هەندێکیان کۆمەلّ ئەنجامی دەددات و هەندێکی تریان کۆچی پەیوست کراون هەندێکی تریان بەزۆرە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆچ و جۆرەکانی و فاکتەرەکانی پشت کۆچ کردن ، تکایە بڕوانە: فوزي عيد سهاونة، موسى عبود سمحة، جغرافية السكان،الطبعة الاولى، مطبعة دار وائل للنشر، بدون مكان طبع،٢٠٠٣ص١٦٤.

[3] –المصدر نفسه، ص١٥٧.

[4] -عبدالله عطوي، جغرافية السكان، الطبعة الاولى،مطبعة دار النهضة العربية- بيروت ،٢٠٠١، ص٢٤١.

[5] - فراس عباس البياتي، الانفجار السكاني والتحديات المجتمعية، الطبعة الاولى، مطبعة دار غيدان للنشر و التوزيع، ٢٠١١، ص٢٣٣-٢٣٤.

** -ڕێکخراوە نێودەولّەتیەکان، یارمەتی جۆراوجۆر پێشکەشی دەربەدەر وئاوارە عێراقیەکان دەکەن،بۆ نمونە کۆمسیۆنی بالاّی نەتەوە یەکگرتوەکان بەهاریکاری حکومەتی عێراق و کار دەکەن بۆ پاراستن و پێشکەش کردنی یارمەتی بە ئاوارەکان و ئەو کەسانەی کە داوای مافی بەنابەرێتی دەکەن و ئەو کەسانەشی کە بێ ناسنامەن و دەربەدەر ناوخۆییەکانیش، بۆ نمونە لە سالّی ٢٠١٢دا ١١٨٢٨یەکەی نیشتەجێبون و ٨١ پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەیان لەم بوارەدا دروست کردوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاری یۆنامی لە عێراق و یارمەتی عێراقیەکان لەم بورەدا بڕوانە:الامم المتحدة- العراق، الانجازات،

http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k٢&view=item&layout=item&id=١٠٥١&Itemid=٦٤٠&lang=ar)،٣٠نيسان٢٠١٥.

[6] – اللجنة الدولية للصليب الاحمر، اللاجئون والنازحون.

https://www.icrc.org/ar/war-and-law/protected-persons/refugees-displaced-persons(٢٢ نيسان٢٠١٤(

[7] - المنظمة الدولية للهجرة- العراق، النزوح الداخلي في العراق معوقات الاندماج، سنة ٢٠١٣، ص١١.

https://www:iomiraq.net/file/٨٠٣/download?token=٤Qgx٠uCA(٣٠نيسان٢٠١٥)

کەواتە دەربەدەر هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەلە شوێنێکی سەلامەت تری دوور لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان دەژین، ئیتر لەبەر هۆکاری سروشتی بێت وەك (بومەلەرزە، لافاو و تسۆنامی ، ڕۆچونی زەوی...) یان توندوتیژی مرۆیی وەك جەنگ و ململانێ بەهۆی(بارودۆخی ڕامیاری، جیاوازی مەزهەبی یان ئاینی، یان جیاوازی نەژاد، یان جیاوازی نەتەوایەتی...)بەلاَم هەر لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەیاندا دەمێننەوە.

بەلاَم (ئاوارە، پەنابەر- اللاجيء) هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەپێش ڕووداوی ١ ینایری ١٩٥١ کە توشی ترس و دڵە ڕاوکێ هاتوون لە ئەنجامی چەوساندنەوە بەهۆی نەژاد ، ئاین، ڕەگەزنامە یان بوونی سۆز بۆ گروپێکی مرۆیی دیاریکراو یان بیروباوەڕی ڕامیاری لە دەرەوەی وولاَتەکەی خۆی دەژی، ناتوانێت یان نایەوێت بەهۆی ئەو ترس و دڵە ڕاوکێیەوە لە سایەی وولاَتەکەیدا بژی. یان هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕەگەزنا-مەیان نیە و لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان نیشتەجێ بوون لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی سەرەوە، یان ناتوانن یان بەهۆی ئەو ترسەوە کە هەیانە ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ وولاَتەکە خۆیان*.

کەواتە ئاوارە بە هەموو ئەو کەسانە دەوترێت کە لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیان و لە بارودۆخێکی ئارامتر ژیان بەسەر دەبەن، لە ترسی هەڕەشەی ڕووداوە سروشتیەکان(وەك بومەلەرزە، لافاو و تسۆنامی، ڕۆچونی زەوی...)یان ڕووداوە مرۆییەکانی وەك ململانێ و جیاوازی(ڕامیاری، ئاینی، نەژادی، نەتەوایەتی...) هۆکاربوون بۆ دورکەوتنەوەیان لە زێدی خۆیان.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دەشێت هەمان فاکتەر ببنە هۆی دەربەدەر بوونی کۆمەڵێکی مرۆیی لە شوێنێکی دیاریکراو، بەلاَم هەمان هۆکاریش جارێکی دیکە ببنە هۆی ئاوارەبوونی بەشێکی تریان وەك کوردانی ئێزیدی، پەلاماردانی داعش بوە هۆی هەلاَتنیان لە زێدی خۆیان بۆ ناوچەکانی تری دەڤەرەکەیان، بەلاَم هەندێکی تریان سنوری عێراقیان جێهێشت و ڕوویان لە وولاَتانی هەرێمی یان دورتر کرد*، ئەمە بۆ مەسیحی و شەبەك و تورکمانەکانیش هەر ڕاستە.

کەواتە جیاوازی نێوان ئاوارە لەگەڵ دەربەدەر تەنها بڕینی سنور وولاَتەکەیە بۆ وولاَتێکی تر، بەلاَم دەربەدەر لە چوارچێوە وولاَتەکەدا دەمێنێتەوە، بەلاَم بە ئاسایی بوونەوە یان هێوربونەوەی دۆخەکە دەکرێت هەردوولا بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان دەشکرێت ئەمە ڕوونەداتەوە.

* - هەموو ئەو ڕووداوانەی پێش ١ ینایر(کانونی دووەمی)١٩٥١ ڕوویان داوە لە ئەوروپا ، لەسەر هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم ڕێکەوتنامەیە واژۆ دەکەن یان پەسەندیان کردوە ، دەبێت پابەند بن بەم ڕێکەوتنەوە. واتە ڕۆژی واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی تایبەت بە ئاوارەی نەتەوەیەکگرتوەکانە لە ساڵی ١٩٥١دا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکەوتنەکە و دەقەکانی ڕێکەوتنەکە و ئەرك و فرمانی دەوڵەتانی ئەندام و مافی ئاوارەکان لە دەرەوەی نیشتمانی کە خۆی وهەموار ساڵی ١٩٦٧ ڕێکەتننامەکە تکایە بڕوانە: المفوضية السامية للام المتحدة لشؤن اللاجئين،اتفاقية الامم المتحدة لعام ١٩٥١ و بروتكول عام ١٩٦٧ الخاصين بوضع الاجئين.( http://www.unhcr-arabic.org/٤d١١b٣٠٢٦.html(٢٢ نيسان٢٠١٤))

* -پەرلەمانتارێکی ئێزیدی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڤیان دخیل دەڵێت "مانگانە زیاتر لە سێ هەزار هاوڵاتی ئێزیدی عێراق جێدەهێڵن و ڕوو لە وولاَتانی خۆر ئاوا دەکەن" : ڕادیۆ ناوخۆ، کۆچی ئێزیدیەکان بۆ دەرەوە بەردەوامە،( http://radionawxo.org/kurdi/index.php/all-news/kurdistan/item/٢٠٩٦٣-٢٠١٥-٠٦-٢٤-٠٨-٤٦-٠٧.html)(٢٤حوزەیرانی٢٠١٥).

بەڵام کۆچبەر(المهاجر)هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە نێوان یەکە کارگێڕییەکاندا هاتوچۆ دەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا دەمێننەوە، دەشێت بۆ ژیانێکی ئاسودەتر و باشتر لە داهات و خزمەت گوزاری کۆچ بکەن، دەشێت لە ترس دا کۆچ بکەن ، بەمەبەستی سەلامەتی سەرو ماڵیان.

خۆ ئەگەر کۆچ پێکردنی دانیشتوانی ناوچەیەکی دیاریکراو یان بەشێکیان بە زۆر و بە بڕیار و فرمانی فەرمی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بێت بۆ جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ شوێنێکی تر بە بێ ویستی دانیشتوانە کۆچ پێکراوەکە ئەوا ناو دەبرێت بە ڕاگواستن.

جیاوازی نێوان کۆچەر و دەربەدەر لەم خاڵانەی خوارەوە ڕووندەکەینەوە[٨]:

١-لە کۆچی ناوخۆییدا گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هەمیشەییە یان کاتی، لە دەربەدەر بوونی ناوخۆیی دا بەگشتی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون کاتییە.

٢- کۆچی ناوخۆیی یان بە ویستی کۆچبەرە یان ناچارییە، بەڵام کۆچی دەربەدەر لەژێر گوشاردایە.

٣- کۆچی ناوخۆیی یان بەشێوەی تاکە یان کۆمەڵ، بەڵام دەربەدەر بە شێوەی کۆمەڵە.

٤- لە کۆچی ناوخۆییدا کۆچبەر کاتی تەواوی هەیە(ڕەنگە نەشی بێت-توێژەر) بۆ بڕیار دان لەسەر کۆچەکەی، بەڵام دەربەدەر ئەم کاتەی نیە و تەنها ئامانجی جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونیەتی، بەمەبەستی پاراستنی سەرو ماڵیان.

٥- کۆچی ناوخۆیی بە گشتی لە کاتی جیاواز و بە پچرپچڕی ڕوودەدات، بەلام دەربەدەر بوون لە یەك کات و بە یەکجار ڕوو دەدات.

٦- کۆچی ناوخۆیی بەمەبەستی باشتر بوونی بارودۆخی ژیانە(ئابوری، ڕامیاری، خزمەت گوزاری...-توێژەر)، بەڵام مەبەستی دەربەدەر گەڕانە بە دوای شوێنێکی ئارامتر و پاراستنی سەرو ماڵیان.

٧- باری دەروونی کۆچەر زۆر جێگیرترە لە باری دەروونی دەربەدەر.

**باسی دووەم: دەربەدەری هاتوو لەپارێزگاکانی دی عێراقەوە بۆ هەرێم.**

مەبەستمان لەهەموو ئەو هاوڵاتییە عێراقیانەیە لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە دەربەدەربوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوە، لە هەرێم دا داڵدەدراون و خزمەت گوزاری سەرەتاییان پێشکەش کراوە، چ بەهاوکاری حکومەت و دانیشتوانی هەرێم بێت، یان بە هاریکاری حکومەتی فیدڕاڵ و ڕێکخراو وولاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بێت، بەڵام پێش ئەوەی بچینە باسەکەوە کورتەیەکی دەربەدەر بوون لە کۆماری عێراق دا دەخەینە ڕوو:

**کورتەیەکی مێژویی دەربەدەر بوون لە عێراقی هاوچەرخ دا:**

بە پێی جوگرافیای ڕامیاری، هەر دەوڵەتێك ئەگەر زیاتر لە نەتەوەیەك و زیاتر لە ئاینزایەك یان مەزهەبێك یان نەژادێکی تێدابێت و لە دەوڵەتەکە دا مافەکانی مرۆڤی تێیدا بەرجەستە نەبێت و دیموکراسی بەرقەرار نەبێت، بێگومان کێشە و گیروگرفتی ڕامیاری و نەتەوەیی و ئاینی... سەرهەڵدەدات و سەر ئەنجام

[٨] -عامرعباس زغير-وزارة الهجرة والمهجرين، النزوح الداخلي و أثره علي لاقتصاد العراقي، بدون سنة طبع، ص١٧، نقلاعن احمد قاسم مفتن، كتب تطبيق لمباديء التوجيهية بشأن لنزوح الداخلي، ترجمة تميم ابو دقة،(معهد بروكنجز-مشروع النزوح الداخلي-٢٠٠٥)، ص٢٤.

ئەبێتە هۆی ڕەوکردنی بەکۆمەڵی دانیشتوانی ناوچەیەك لە کاتێکی دیاریکراو پاشتر گروپێکی ئیتنی یان نەژاد یان ئاینی تر لە کاتێکی تردا. بۆیە دەتوانین دەربەدەربوون لە عێرق دا دابەش بکەین بۆ چوار قۆناغ کە ئەوانیش:

(لە قۆناغی یەکەم دا پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بەسەرۆکایەتی سەدام بەرپرس بو لە دەربەدەربوونی ناوخۆیی زیاتر لە ملیۆنێك هاوڵاتی ئەویش بەهۆی ڕاگواستنی ئەو ناوچانەی زۆرینەی شیعەن لە باشوری عێراق و ئەنجام دانی پرۆسەکانی ئەنفال دژ بە گەلی کورد و جەنگی ئێران و جەنگی کەنداو و سیاسەتی کشتوکاڵی شکستخواردووی عێراق لە باشوری وولاَت، هۆکار بوون بۆ دەربەدەربوونی* ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاَتیانی عێراقی.

لە قۆناغی دووەم دا و پاش کۆتایی پێهێنانی ڕژێمی عێراقی لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، بوە هۆی دەربەدەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاَتیان و پاشتر بوە هۆی گەڕانەوەی نزیکەی نیوملیۆن لە هاوڵاَتی عێراق بۆ سەر زێدی خۆیان پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس ڕای گواستبون بۆ ناوچەکانی تری عێراق، ئەمەش بوە هۆی هەڵاَتنی ئەو هاوردانەی کە ماڵ و موڵکی دەربەدەر و ڕاگواستراوەکانیان داگیرکردبوو.

لە قۆناغی سێیەم دا و پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و تەقاندنەوەی مەزارگە عەسکەری لە سامەڕا، بوە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی تایفی لە عێراق دا، ئەمەش بوە هۆی کۆچ کردنی ١,٦ ملیۆن لە نێون ساڵانی( ٢٠٠٦-٢٠٠٨)دا و پاشتر ڕێژەکە بەرزبۆوە بۆ ٢,٨ ملیۆن دەربەدەر لە ساڵی ٢٠٠٨دا[٩]).

لەبەر زۆری ڕێژەی ئەم هەموو کۆچ و دەربەدەر و کۆڕەوە و ئاوارەبوونی هاوڵاَتیانی عێراقی، ئەنجومەنی فەرمانڕەوا بە فرمانی ژمارە(٣٠)لە ٢٠ئەیلولی ٢٠٠٣وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی دروست کرد بەمەبەستی گرتنەئەستۆی کاروباری کۆچبەرانی ناوخۆو ئاوارە گەڕاوەکانی لەدەرەوەی وولاَت *.

لە قۆناغی چوارەمدا، پاش کەوتنی شاری موسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤دا لە سەر دەستی داعش لە عێراق دا بوە هۆی دەربەدەر بوونی ملیۆنان هاوڵاَتی عێراقی بە تایبەت لەناوچە سوننییەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا.

---

* - جەنگی ناوخۆی هەرێمیش هۆ کار بوو بۆ دەربەدەر بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکانی هەرێم لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا.

[٩] - المنظمة الدولية للهجرة- العراق، النزوح الداخلي في العراق معوقات الاندماج، مصدر سابق، ص١٥.

* - ئامانجی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران چاودێریکردنی هەموو ئەو کەسانەیە کە مشمولن بە فرمانی یاسای ژمارە(٢١)ساڵی ٢٠٠٩،ئەم کەسانە پێویستیان بە چاودێری و یارمەتی دان و پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری پێویست هەیە لە بوارە جیاوازەکان، و کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان بە پێی یاسا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێشەکی گشتی وەزارەت و ئامانج و چۆنیەتی دروست بوون و کارەکانی تکایە برونە: وزارة الهجرة والمهجرين،المقدمة العامة،٢٠١٣،ص١.

http://www.momd.gov.iq/Articles_View.aspx?q=QXJ٠aWNsZUlEPTEwMDI٥Jg٪٣d٪٣d-hQwCd٨RO٢bU٪٣d(٣٠ نيسان٢٠١٥)


ئەگەر بڕوانین تەنها لە ساڵی٢٠١٢ دا دەربەدەری ناوخۆی عێراقی بە بێ سێ پارێزگاکەی هەرێم بریتییە لە(١٨١٧٠٢)خێزان، ئەمەش دەکاتە(١٠٧٤٩٠٩)کەس لە کۆی (٢٩٧٧٥٣٥٠)سەرجەمی دانیشتوانی عێراق ئەمەش دەکاتە (٣,٦٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی عێراق[١٠]. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

ڕێژەی دەربەدەر بە پێی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هاتوو:

دەربەدەرەکان بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی کۆچ و کۆچ بەرانی عێراقی تا ڕێکەوتی(٣٠ ئازاری ٢٠١٤) (٦٨٣٢٩٦)کەس بوە لە چاو سەرجەمی دانیشتوانی عێراق دا کە(٣٦٠٠٤٥٥٢)کەس بووە، ئەمەش دەکاتە(١,٨٩٪) دەربەدەر لە چاو سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکانی عێرق دا، بەلاّم دەربەدەر لە پارێزگاکانی هەرێم دا ڕێژەکە(٠٪)ە، بەڵام لە پارێزگای کەرکوك دا ڕێژەکە(٢,١٤٪)سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکەیە، ئەمە زیاتر دەربەدەری قەزاکانی تری پارێزگای کەرکوکن کە لە دەرەوەی دەسەلاّتی هێزەکانی ئاسایش و هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، بڕوانە خشتەی ژمارە(١).

نەخشەی ژمارە(١)

قەبارەی دەربەدەری عێراق بە بڕی خێزان و بە پێی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠١٢دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە:المنظمة الدولية للهجرة– العراق، النزوح الداخلي في العراق مقوقات الاندماج،مصدر سابق ص١٦.

[١٠] – المصدر نفسه، ص٤.

**خشتەی ژمارە(١)**

**ڕێژەی خێزانە دەربەدەركان بە پێی دانیشتوانی پارێزگای هاتوو**

| پارێزگا | ژمارەی | ژمارەی دانیشتوانی | (٪) |
|---|---|---|---|
| سێ پارێزگاكەی ح. | ٠ | ٥٠١٠٠٧٨ | ٠* |
| كەركوك | ٤٩٧٣١ | ١٥٠٨٨٥٤ | ٣.٢٩ |
| چواردە پارێزگاكەی دی | ٦٣٣٥٦٥ | ٢٩٤٨٥٦٢٠ | ٢.١٤ |
| سەرجەم | ٦٨٣٢٩٦ | ٣٦٠٠٤٥٥٢ | ١,٨٩ |

سەرچاوە:كاری توێژەر بە پشت بەستن بە: دائرة المعلومات والبحوث قسم الاحصاء و بنك المعلومات(وزارة الهجرة والمهجرين)، تقرير الفصل الاول/الخاص بفئات عناية الوزارة و لغاية ٢٠١٤/٣/٣٠،٢٠١٤، ص١.

**بەڵام تا كۆتایی مانگی مایسی ٢٠١٤ واتە نزیكەی ١٥ ڕۆژ پێش كەوتنی شاری موسڵ بە دەستی داعش دەربەدەرەكانی پارێزگاكانی عێراق (١١٤٩٧٧)خێزان بووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)**

**خشتەی ژمارە(٢)**

**خێزانە دەربەدەرەكان تا ٢٦ی مایسی ٢٠١٤**

| پارێزگا | ژ. خێزانی دەربەدەر | (٪)لەچاو سەرجەم |
|---|---|---|
| سێ پارێزگاكەی ح. هەرێم | ٠ | ٠ |
| كەركوك | ٨٨٨١ | ٧,٧٢ |
| چواردە پارێزگاكەی عێراق | ١٠٦٠٩٦ | ٩٢,٢٨ |
| سەرجەم | ١١٤٩٧٧ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە:كاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە:وزارة الهجرة والمهجرين،تقرير عن اعداد العائدين و موقف خلاء الدور المغتصبة لغاية٢٠١٤/٥/٣١، الاصدار الحادي والثلاثون،ص ٤.

هەواڵنامەی كتێب

**هۆكارەكانی پشت هاتنی دەربەدەر بۆ هەرێمی كوردستان:**

**دوو هۆكاری سەرەكی لەپشت جوڵەی ئەم ژمارە گەورەیەی دەربەدەرە عێراقیەكان بوون بۆ هەرێمی كوردستان و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوانیش:**

**یەكەم : ئەو هۆكارانەی كە وای لە دانیشتوانی هەندێك لە پارێزگاكانی عێراق كرد كە زێد و ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێبهێڵن. وەك(كێشەی ڕامیاری،ئاینی، مەزهەبی، ئابوری، كۆمەڵایەتی...)**


**دووەم:ئەو هۆكارانەی كە كوردستانیان والێكردوە كە ببنە سەر پەناگەیەكی نمونەیی بۆ هەموو ئەوانەی كە لە ژێر گوشاری سیاسی و بارودۆخی نائاسایی بوون لە بەشەكانی تری عێراق دا. وەك كردنەوەی دەرگای هەرێم بەڕووی دەربەدەرەكاندا، سەقامگیری بارودۆخی هەرێم ئەگەر بەراورد بكرێت بە ناوچەكانی تری عێراق، بەخشندەیی گەلی كورد و ڕێزگرتنی لە میوان و لێقەوماوان، لەبیركردنی تاوانەكانی ڕابووردوو كە لەسەر دەستی**

* - بەهۆی سەقامگیری پارێزگانی حكومەتی هەرێم لە ڕووی ئابوری، ڕامیاری، ئاینی... ڕێژەی دەربەردەر سفرە, واتە كەس دەربەردە نەبوە لە ساڵی ٢٠١٤دا.

زۆرینەی عەرەب بەرامبەر بە خاك و گەلەکەی ئەنجام درا، بەتایبەت لە ماوەی دەسەڵاتداری ڕژێمی بەعسدا، ئازادی ئاینی و پیادەکردنی ژیانی ئاسایی لە ڕووی زمان و کلتور و سروتە ئاینیەکان، سەرەڕای چەند هۆکارێکی تر وەك لە  شێوەی ژمارە(١)ڕوونکراوەتەوە.

شێوەی ژمارە(١)

هۆکارەکانی پشت هاتنی دەربەدەر بۆ کۆمەڵگای میواندار




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە: المنظمة الدولیة للهجرة– العراق، النزوح الداخلي في العراق مقوقات الاندماج،مصدر سابق ص٢٦.

**باسی سێیەم: ئاوارەی هاتوو بۆ هەرێم.**

پاش ئەوەی جەنگی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠١١ لە سوریا هەڵگیرسا وەکو بەشێك لەوەی ناسرا بە بەهاری عەرەبی، بارودۆخی رامیاری، سەربازی، ئابوری... ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی سوری ناچار بە دەربەدەر بوون لە هەرێمە کوردییەکانی وەك عەفرین و جەزیرە و کۆبانێ و قامیشلو و حەسەکە کرد، بەڵام ژمارەیەکی تریشیان ئاوارەی وڵاتانی دەوروبەر بوون، هەرێمی کوردستانیش لەبەر هاوسێیی وڵاتی سوریا و بوونی کوردێکی زۆر لەو وڵاتە و کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ئاوارەکان، بوە هۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی وڵاتی سوریا(کورد و عەرەب...) بۆ هەرێم*. تا ساڵی ٢٠١٣ژمارەی ئاوارە سوریەکان لە عێراق دا (٦٧٧٠٩)ئاوارە

* – بەهۆی خۆ ئامادەنەکردنی حکومەتی هەرێم بۆ وەها بارودۆخێك و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان، بە ناچاری چونە ناو قوتابخانەکان و شوێنە سەرکراوەکان و بینا تەواونەکراوەکان بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دۆخی ئاوارەکانی هەرێم، تکایە بڕوانە:نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلان دانان-حکومەتی هەرێم،پلانی وەلامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ١٥/٩-١٥/١١/٢٠١٤،٢٠١٤،ل٣.

بوو، لەو ژمارەیە(٥٨٩٠٩)ئاوارە واتە(٨٧٪) سەرجەمی ئاوارەکانی عێراق لە سێ پارێزگاکەی هەرێم بوون، تەنها(٨٨٠٠)ئاوارە واتە(١٣٪)لە سەرجەمی پارێزگاکانی تری عێراق بوون[١١].

## بەشی دووەم: ئاوارە و دەربەدەر لە هەرێمی کوردستاندا، پاش ڕووداوی کەوتنی دوو شاری موسڵ و تکریت.

پاش ئەوەی داعش دەستی بەسەر زۆرێك لەناوچەی کۆماری عەرەبی سوریدا گرت و پاشتر توانیان هەردوو شاری موسڵ و تکریت لە(١٠-١١ حوزەیرانی ٢٠١٤)دا بگرن، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی سوری و دەربەدەری ناوچە سونیەکان بە گشتی و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەری هەرێم بە تایبەتی ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەر ئەم بابەتە دەدەین:

### باسی یەکەم: دەربەدەری هاتوو لە پارێزگاکانی دی عێراق بۆ هەرێم.

ژمارەی ئەو کەسانە کە لە دوای داگیرکردنی هەر دوو شاری موسڵ و تکریت لە پارێزگاکانی عێراقەوە دەربەدەر بوون بریتی بوون لە(٢٥١٩٨٤٩)کەس لە کۆی سەرجەمی پێشبینی کراوی دانیشتوانی عێراق تا ٣٠کانونی یەکەمی ٢٠١٤دا (٣٦,٠٠٤,٥٥٢)کەس بوو، ئەمەش دەیکردە(٧٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی عێراق، بەلاَم پشکی شێر لەم کۆچبەرانە بەر پارێزگاکانی حکومەتی هەرێم و پارێزگای کەرکوك کەوت کە لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە و کوردا بوون بە جۆرێك نزیکەی چارەکی سەرجەمی دەربەدەرانی عێراق لەم چوار پارێزگایە بوون. بڕوانە خشتەی ژمارە(٣)

خشتەی ژمارە(٣)

دابەش بوونی دەربەدەرانی پارێزگاکانی عێراقدا بە ح. هەرێمی کوردستانیشتەوە لە ٣٠ کانوونی یەکەمی ٢٠١٤دا

| ژمارە | پارێزگا | ژمارەی کۆچبەری یەلە | خەملاَندنی دانیشتوان ٢٠١٤ | (٪)دانیشتوانی کۆمەڵگای میوان |
|---|---|---|---|---|
| -١ | دهۆك | ٦٠٧٩٥٠ | ١,٢٢٠,٣٩٦ | ٤٩,٨ |
| -٢ | هەولێر | ٤٢٤٥٣٥ | ١,٧٤٩,٩١٥ | ٢٤,٢٦ |
| -٣ | سلێمانی | ٢١٠,٢٩٤ | ٢,٠٣٩,٧٦٧ | ١٠,٣ |
| -٤ | کەرکوك | ٢٨٦,٥٣٣ | ١,٥٠٨,٨٥٤ | ١٨,٩٩ |
| -٥ | سەرجەمی پ. ح. [illegible] | ١٥٢٩٣١٢ | ٦٥١٨٩٣٢ | ٢٣,٤٥ |
| -٦ | ١٤ پارێزگاکەی دی | ٩٩٠,٥٣٧ | ٢٩,٤٨٥,٦٢٠ | ٣,٣٥ |
| | سەرجەمی پ. عێراق | ٢٥١٩٤٨٩ | ٣٦٠٠٤٥٥٢ | ٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە : وزارة الهجرة والمهجرين، (التقرير الفصلي الرابع الخاص بفئات عناية الوزارة و لغاية ٢٠١٤/١٢/٢٠)، ص١.

http://www.momd.gov.iq/UserFiles/ التقريرالفصلي الرابع ولغاية ٣٠-١٢-٢٠١٤.pdf(٣٠نيسان٢٠١٥)

[١١] -مفوضية الامم المتحدة لشؤون اللاجئين في العراق،الوضع السوري- انشاء مخيمي دوميز والقائم،مجلة من اجل العراق، ٢٠١٣، ص٣٩.

دەربەدەرەکان پشکی شێریان بەر شارە کوردستانییەکان کەوتوە، بە جۆرێك(٢٣,٤٥٪)سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکانی میوانیان پێکهێناوە، خۆ ئەگەر تەنها سێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێمیش وەربگرین دەبینین دەربەدەرەکان(٢٤,٨٪)سەرجەمی دانیشتوانەکەیان پێکهێناوە، لەکاتێکدا سەرجەم دەربەدەرەکانی ١٤ پارێزگاکەی تری عێراق تەنها(٣,٣٥٪)ی سەرجەم دانیشتوانییان پێکهێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نزیکەی چارەکی دانیشتوانی هەرێم بووە بە دەربەدەر، بە بێ ئەو دەربەدەرانەی کە لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە هاتون لە ساڵی ٢٠١٥ دا، بە بێ دەربەدەرەکانی پارێزگای ئەنبار پاش داگیرکردنی شاری ڕومادی لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، بە بێ ئاوارەکانی تری هەرێم.

دەربەدەرە هاتوەکان بە گشتی لە پارێزگاکانی(ئەنبار، نینوی،کەرکوك، سەلاحەدین، دیالە، بەغا، بابل بوون)بەلاَم دەربەدەری پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و سەلاحەدین پشکی شێریان پێکدەهێنا بۆ نمونە دەربەدەری ئەم سێ پارێزگایە(٨١,٣٣٣)خێزانی لە سەرجەمی(٨٩,٦٤٥ ) خێزانە کۆچبەرەکانی پارێزگای هەولێر پێکدەهێنا کە دەیکردە(٩١٪)، لە پارێزگای دهۆکیش ژمارەکە(١٢٠,٥٧٧)بوو،لە سەرجەمی(١٢٠,٨٠٧)خێزانە دەربەدەر-ەکان، ئەمەش دەیکردە(٩٩,٨٪)سەرجەمی خێزانە دەربەدەرەکان، لە پارێزگای سلێمانیش ژمارەکە (٢٤١٢٣)لە سەرجەمی (٤٠٧٢٦)خێزانە دەربەدەرەکان ئەمەش دەیکردە(٥٩,٢٪)سەرجەمی دەربەدەرەکان[١٢].

پاش ئازادکردنی تکریت لە دەستی داعش بوە هۆی هاتنی(٢٨٢٧٠)دەربەدەر بۆ پارێزگای هەولێر و(٣٠٤٢)دەربەدەر بۆ پارێزگای دهۆك، ئەمە و جگە لە هاتنی ٣٠٠٠ دەربەدەری پارێزگای ئەنبار لە پاش داگیرکردنی شاری ڕوومادی لە لایەن داعشەوە، بەلاَم ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە پاش ڕزگارکردنی تکریت هێشتا دەربەدەری هاتوو لە تکریتەوە ئامادە نین بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی خۆیان[١٣]؟!، بێ ئومێد بوونیشیان لە گەڕانەوە بۆ سەر زێدی خۆیان لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەی گرتوە، بۆ نمونە بە گومان ڕوانینی حکومەتی بەغداد و چەکدارانی حەشدی شەعبی لە هەموو جوڵەیەکی پێکهاتەی سونی، مین ڕێژکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ماڵ و شوێنە گشتیەکان...بەلاَم ئەوەی کە زۆر جێگای تێڕامانەی ڕێگریکردنی حکومەتی عەبادی بوو لە چونە ژورەوەی دەربەدەری شاری ڕوومادی پاش کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە لە لایەن داعشەوە بۆ ناو شاری بەغداد!، سەرەڕای بوونی گەردەلولی لماویش[*].بۆیە بەناچاری تەنها لە هەفتەی یەکەمی داگیرکردنی ڕومادی دا ١٤٠٠٠ دەربەدەر ڕوویان لە هەولێرکرد، واتە تێکڕا ٢٠٠٠ دەربەدەر لە ڕۆژێکدا[**] .

---

[١٢] – وزارة الهجرة والمهجرين، التقرير الفصلي الرابع الخاص بفئات عناية الوزارة و لغاية ٢٠١٤/١٢/٢٠، مصدر سابق، ص٣ و٦و١٣.

[١٣] – حکومەتی هەرێم کورودستان،هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری زیاترە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، (http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٣&a=٥٣٣٤٠)(١٩مایسی ٢٠١٥).

[*] -لە ماوەی کەمتر لە ٥ ڕۆژدا ١١٤,٠٠٠کەس دەربەدەر بوون لە شاری ڕوومادی بۆ پارێزگاکانی تری عێراق و هەرێم،بەڵام حکومەتی عەبادی ڕێگری لێکردن لە چونە ژورەوە بۆ بەغا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الشرق الاوسطن بالفيديو..عائلات هاربة من الرمادي تعلق وسط عاصفة رملية بعدما اغلق الطريق باتجاه بغداد،(-http://arabic.cnn.com/middleeast/٢٠١٥/٠٥/٢٢/me-٢٢٠٥١٥ iraq-displaced-people-stuck#autoplay)(٢٢مايس ٢٠١٥) .


[**] - ئەم ژمارە زۆرە لە ڕێگەی فرۆکەخانەوەی هەولێر نێودەوڵەتییەوە گەیشتنە هەولێر. قناة دجلة، هادي: ١٤الف عدد نازحي الانبار الذين وصلوا لي اربيل،(http://www.dijlah.tv/index.php?page=article&id=١٨٣٤٠٧ )(٢٤مايس٢٠١٥).

**مانەوەی دەربەدەر لە کۆمەڵگای میواندار:**

**بە پێی ئەو توێژینەوەی کە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێرق ئەنجامی داوە، ساڵ لە دوای ساڵ خواست بۆ مانەوەی یەکجاری لە کۆمەڵگای میوان لای دەربەدەرەکان زیاتر دەبێت ، بە جۆرێك لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ ئەو ڕێژەیەی کە خواستی گەڕانەوەی هەبوە بۆ زێدی خۆی تەنها(٤٥٪)ی سەرجەمی دەربەدەرەکان بوە، بەلاّم لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٠ ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ تەنها ٣٥٪، لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ زیاتر دا دەبەزێت و تەنها ٦٪ ئارەزوی گەڕانەوە دەکەن بۆ زێدی خۆیان، ڕەنگە لە ئێستا دا کەمتریش بێت لە و ڕێژەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەگەر زۆرە بەشێکی زۆر لە دەربەدەرە هاتوە کان هەرگیز بیر لەگەڕانەوە نەکەنەوە بۆ زێدی خۆیان، تا شیعە و سونە و کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بە ناوی عێرق کۆکرابێتنەوە بە مانایەکی تر تا گەلانی عێراق بە جیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوەکانیان بە زۆر بەیەکەوە لکێنرابن لە عێراق دا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خواستی دەربەدەران بۆ گەڕانەوە یان مانەوە بە پێی کاتی جیاواز بڕوانە شێوەی ژمارە(٢).**

**شێوەی ژمارە(٢)**

**گۆڕانی ئارەزووی دەربەدەر بە پێی کات**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە المنظمة الدولیة للهجرة– العراق، النزوح الداخلي في العراق معوقات الاندماج،مصدر سابق، ص١٨.

**باسی دووەم: ئاوارەی هاتوو بۆ هەرێم :**

**ژمارەی ئاوارە سوریا لە عێراق دا تا بەرواری ٣٠ کانوونی یەکەمی ٢٠١٤ بریتی بوو لە(٨١,٦٠٣)خێزان ئەمەش دەیکردە(٢٣٣,٦٢٥)کەس، بەلاّم لەم ژمارەیە(٧٩١١٩)خێزان کە دەیکردە(٢٢٥,٧٤٦)کەس ئاوارە بوون لە هەرێمی کوردستان ئەمەش دەیکردە(٩٦,٦٢٪)سەرجەمی ئاوارەی سوریا لە عێراق دا[١٤].ئەوەی جێی سەرنجە ئاوارە سوریەکان(٣٥,٦٪)لە ڕەگەزی نێرن، ئەوانی دیکە لە ڕەگەزی مێی و منداڵن،(٥٥,٤٥٪)لە نێوان ١٨-٢٩ ساڵیدان، بەلاّم تەنها(١,٩٧٪)لە نێوان تەمەنی٣٠-٦٠ ساڵیدان، بەلاّم ئەوانی تر کە سەرجەمیان دەکاتە(٤٢,٤٩٪)منداڵن، لەم ڕێژەیەش تەنها(٣٩,٣٦٪)لە کەمپەکانی*(دۆمیز، گەورکۆسك، دارە شکران، قوشتەپە، اربات، ئاکرێ، باسرمە،چاولان )دان و(٦٠,٦٤٪)لە دەرەوەی کەمپن، سەرجەمیشیان لە پارێزگاکانی حەسەکە، دیمەشق، ریفی دیمەشق، حمس، درعا و دیر الزور...هاتون[١٥]. بەلاّم ژمارە و ڕێژەکە لە ١٥ کانونی دووەمی ٢٠١٥دا گۆڕانی بەسەرد دێت، ژمارەی**

[١٤] – وزارة الهجرة والمهجرین، التقریر الفصلي الرابع الخاص بفئات عنایة الوزارة و لغایة ٢٠١٤/١٢/٢٠، مصدر سابق،ص ٦١.

* - بۆ زانیاری لەسەر هەندێك لە کەمپەکان و خزمەت گوزارییە پێشکەش کراوەکان پێیان، تکایە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١-٦).

[١٥] – المصدر نفسه،ص٦٢-٦٣.

هەواڵنامەی کتێب

خێزانە ئاوارەکانی هەرێم زیاتر دەبن بە جۆرێك(٩٦,٧٪)ی سەرجەمی ئاوارەکانی پارێزگاکانی تر عێراق پێك دەهێنن، بە پارێزگای کەکوکیشەوە ڕێژەکە دەبێت بە(٩٧٪)واتە بە چواردە پارێزگاکەی تری عێراق تەنها(٣٪) سەرجەمی ئاوارەکانی عێراقی لە خۆ گرتوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤). لەم ڕێژەیەش (٣٩,٢٤٪)لە ناو کەمپەکان (٦٠,٧٦٪)لە دەرەوەی خێمە و کەمپەکان نیشتەجێ کراون[١٦].

خشتەی ژمارە(٤)

ژمارەی خێزانە ئاوارەکانی عێرق

| پارێزگا | خێزان | (٪) |
|---|---|---|
| پارێزگاکانی حکومەتی هەرێم | ٧٩٣١٦ | ٩٦.٧ |
| کەرکوک | ٢٤٥ | ٠,٣ |
| ١٤ پارێزگاکەی تری عێراق | ٢٤٦٥ | ٣ |
| سەرجەم | ٨٢٠٢٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: وزارة الهجرة والمهجرين،احصائية اللاجئين السوريين في العراق، مصدر سابق، ص٢.

ئاوارە سوریەکان بە پێی شوێنی هاتنیان جیاوازن، بۆ نمونە(٥٨,٨٤٪)لەحەسەکە و(٩,٣٦٪)دیمەشق و (٢٥,٠٩٪) حەلەب و (٠,٣٠٪)ریفی دیمەشق و (٠,٢٣٪)حمص و (٠,٠٩)درعا و (٢,٢٨٪)دێرەزور و (٣,٨١٪)ناوچەکانی ترەوە هاتوون[١٧].

فاکتەرەکانی پشت مانەوەی ئاوارەو دەربەدەران لە کۆمەڵگای میوان:

چەند فاکتەرێك ڕۆڵی هەیە لە مانەوەی دەربەدەران و ئاوارەکان لە کۆمەڵگای میوان وەك بەردەوامی هۆکارەکانی پشت جوڵەی ئەم کۆمەڵە مرۆییانە(کارەساتە سروشتی و مرۆییەکان)، ئەمە و جگە لە بنیاتنانی ژیانێی نوێ لە خاکی میواندار و بەستنەوەی بە کۆمەڵگای میواندار لە ڕێگای ژن و ژنخوازی و بازرگانی...ئەمەو جگە لە چەند هۆکارێکی تر بڕوانە شێوەی ژمارە(٣)

**باسی سێیەم: لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بوونی ئاوارە و دەربەدەر لە هەرێمی کوردستان دا:**

بێگوما هاتنی دەربەردە و ئاوارە لەم دۆخەی ئێستا کۆمەڵێك سودی و زیانی بۆ ئێستا و ئایندەی خاك و خەڵکی کوردستان هەیە، لە خوارەوە زیاتر لەم بابەتە دەدوێین:

یەکەم: لایەنی ئەرێنی بوونی ئاوارە و دەربەدەر لە هەرێمی کوردستان دا:

هاتنی بە لێشاوی دەربەدەرە عێراقیەکان و ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان چەند سودێکی بۆ هەرێم هەیە، لەوانە:

١-سەلماندنی دڵفراوانی و بەخشندەیی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە نەتەوەکانی هاوسێ و یارمەتی دان و داڵدەدانیان.


٢- پیادەکردنی کلتوری لێبوردەیی و تۆڵە نەستاندن لەو عەرەبانەی کە ڕۆژانێك خودی خۆیان یان باوانیان بەشدار بوون لە پرۆسەی وێران کردنی کوردستان و کۆمەڵکوژ کردنی کوردستانیان و زیندە بە چاڵ کردنی ژن و منداڵ و پیرو لاوەکانیان لە بیابانەکانی عێراق دا

[١٦] وزارة الهجرة والمهجرين، احصائية اللاجئين السوريين في العراق، بدون معلومات اخرى، ص٣.

١٧ -المصدر نفسه،ص٤.

**شێوەی ژمارە(٣)**

**هۆکاری مانەوەی ئاوارەو دەربەدەران لە کۆمەڵگای میواندا**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە :المنظمة الدولية للهجرة– العراق، النزوح الداخلي في العراق مقوقات الاندماج،٢٠١٣،مصدر سابق، ص٣٥.**

**٣- تۆخکردنەوەی ناسنامەی ژیان دۆستی و فرە نەتەوەیی وئاین و مەزهەبی و پێکەوە ژیان و خۆ دورگرتن لە توندووتیژی ئاینی و لەخۆ گرتنی ئاینزاکانی تری وەك مەسیحی و ئێزیدی... سەلماندنی جیاوازی بەرزی ڕەوشتی ئاینی و کەسایەتی و کلتوری کوردی بە بەراورد بە ئاینزا و مەزهەبە نەك جیا بەڵکو هاوشێوەکانیشیان لە عێراق و ناوچەکەدا، بۆ نمونە دەربەردەرەگان زۆرینەیان سونی مەزهەبن، ئەمانەلە ترسی داعشی سونی مەزهەب یان لە ترسی حەشدی شەعبی زۆرینەی شیعە مەزهەب لە زێدی خۆیان هەڵهاتون*.**

* – هێزە ئەمنیەکانی عێراق و میلیشیاکان هاوشێوی داعش تاوانیان بەرامبەر هاوڵاتیانی سونی مەزهەب ئەنجام دا، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جۆر و شوێنی تاوانەکان و گوندە وێرانکراوەکانی دەستی هێزە عێراقییەکان و وێنەی مانگی دەستکردنی گوندە سوتێنراوەکان تکایە بڕوانە: هیومان رایتس ووچ، بعد التحرير حل الدمار الميليشات العراقية و ما بعد امرلي، (٢٠١٥)(http://www.hrw.org/sites/default/files/reports/iraq٠٣١٥ar_ForUpload.pdf).

داعش هەستا بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمب ڕێژکراو و کردەوەی خۆکوژی لە ناو هاوڵاتیان و لە سێدارەدانی بێ دادگایی و ئەشکەنجەی زیندانیان و جیاکاری بەرامبەر بە ئافرەت و هاوسەرگیری بە زۆر و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچ و ژنی ئێزیدی و روخاندنی پەرستگا و شوێنە ئاینیەکان و کوشتن و فراندنی کەمایەتیە ئاینی و نەتەوەیەکان بە تایبەت شیعە و ئێزدی لە پارێزگای نەینەوا. هیومان رایتس ووچ، العراق،مصدر سابق.ص١.

٤- لە ئەگەری بەردەوامی قەیرانەکانی عێراق و مانەوەی دەربەدەران لە شارەکانی هەرێم دا کوردستانیان دەتوانن فێری زمانێکی تری زیندوو(زمانی عەرەبی)ببن، ئەگەر بە دروستی بتوانرێت لەخزمەتی خۆ ڕۆشنبیرکردن و دۆزی نەتەوەکە بەکاربهێنرێت.

٥- بلاوکردنەوەی پارەیەکی زۆر لە هەرێم لە کاتێکدا بەهۆی قەیرانی دارایی و نەناردنی بوودجەی هەرێم بە تەواوی لە لایەن بەغاوە پارەی نەختینە لە پارێزگاکانی هەرێم بەتەواوی کەمی کردبوو.

٦- سود وەرگرتن لە تواناو شارەزایی جۆربەجۆری دەربەردەرە عێراقیەکان.لەوانە مامۆستایانی زانکۆی، پزیشکان، ئەندازیاران و پیشەوەران...

٧- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیش بوونە هۆی:

أ- نرخاندنی سنگ فراوانی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە لێقەوماوان و ئاوارە و دەربەدەران، لەکاتێکدا عەرەب - عەرەب ، موسوڵمان - موسوڵمان ، موسوڵمان - ئێزیدی - مەسیحی لە زێدی خۆیان دەردەکات و کچ و ژنیان وەك كەنیزەك و کۆیلە بازرگانیان پێوە دەکەن، گەلی کورد باوەشی گەرمی پڕ لە سۆزیان بۆ دەکاتەوە. ئەمەش بوە هۆی پێزانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەم هەوڵە مرۆڤ دۆستانەیەی گەلی کورد و بردنە پێشەوەی دۆزی کورد* و پێشکەش کردنی کۆمەکی دارایی و ڕامیاری و سەربازی بۆ گەلی کورد و حکومەتی کوردی. چونکە هەرێمی کوردستان و دانیشتوانەکەی سەلماندیان بۆ هەموو لایەك کە تەنها دورگەیەکی مرۆڤ دۆست و بە ئاشتی و پێکەوە ژیانی ناوچەکەیە کە بە چاوێکی یەکسان سەیر هەموو نەتەوە و ئاین و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کورد و عێراقی و نا عێراقی(سوری)دەکات، لە کاتێکدا لە ناوجەرگەی دەریایەك لە ڕق و کینە و پاکتاوی ڕەگەزی و مەزهەبییە کە لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵی تیرۆریزمی وەك داعش و القاعیدە و بزوتنەوەی تالیبان و الشباب... ڕێبەرایەتی دەکرێ.

ب- ئەم وێنا جوانەی کە گەلی کورد و حکومەتەکەی پێشکەشی ئاوارە و دەربەدەرەکانی کرد، و بەکردەوە لە بری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگی نێودەوڵەتی دژی بیرە ڕەشەکانی گروپی ڕەشی داعش وەستایەوە وەك تاکە هێزی ناوچەکە، بوە هۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ هەندێك لە ووڵاتان سەرەڕای کۆمەکە ئابوری و ڕامیاری و سەربازییەکانیان بۆ هەرێم، بە ئاشکرا پشتگیری بە سەربەخۆی دەوڵەتی کوردی بکەن، کە ئەمە یەکەم جار بوو بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە کۆشکی کۆماری ووڵاتان باسی سەربەخۆیی گەلی کورد بکرێت و پشتیگری ئەم ووڵاتە زلهێزانەی جیهان بۆ دۆزی گەلی کورد بەدەست بهێنرێت. واتە وەبەرهێنانی دۆزی ئاوارەو دەربەدەر لە خزمەتی

---


داعش هەموو کەمایەتیە ئاینیەکانی ئەم ناوچەیەی کردە ئامانج، تەنانەت ئەو عەرەبە سونییانەی کە دژی داعش بوون، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تاوانی داعش بەرامبەر بەم ئاینزا جیاوازانە تکایە بڕوانە:منظمة العفو الدولي، العراق: يزيديون اسرهم تنظيم" داعش"في خضم تصاعد الهجماع الطائفية،( -https://www.amnesty.org/ar/articles/news/٢٠١٤/٠٧/iraq-yezidis-captured-isis-amid-mounting-sectarian-attacks/)(١تموز ٢٠١٤).

* - جێگری سەرۆکی هەرێم(کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) پێشوزی لە یان کوبیش بەرپرسی یۆنامی لە عێراق کرد لە هەولێر لە ٢٣ی مایسی ٢٠١٥دا لەو دیدارەدا بەرپرسی یۆنامی لە عێراق ووتی" ئێمە چاوەڕوانی ئەو بەدەنگە هاتن و جوامێرییەمن لەگەلی کوردستان دەکرد لە پێشوزی کردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان لە کوردستان، بە ڕاستی ئێوە لانکەی دالدەدانی ئاوارە و لێقەوماوان و لایەنە سیاسیە ناکۆکەکانی عێراقیشن، ئێوە سەلماندتان گەلێکی تینوی دیموکراسین و کار بۆ چەسپاندنی دەکەن لە عێراق دا: سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کۆسرەت ڕەسول عەلی: کۆبونەوەی لایەنە سیاسیە عێراقییەکان لە هەولێر سازبکرێ،( http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=٠oJLYVblەm٨=)(٢٣مایسی٢٠١٥)

دۆزی کورددا. ئەمەو جگە لە چەندین لایەنی ئەرێنی تر، وەك لە شێوەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە ، بڕوانە شێوەی ژمارە(٤)

**شێوەی ژمارە(٤)**

**بۆچونی هاولآتیانی کۆمەلگای میوان و دەربەدەران دەربارەی لایەنی ئەرێنی هاتنی دەربەدەران بۆ کۆمەلگای میوان**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە المنظمة الدولية للهجرة– العراق، النزوح الداخلي في العراق مقوقات الاندماج،مصدر سابق، ص٢٩.

**دووەم: لایەنی نەرێنی بوونی ئاوارە و دەربەدەر لە هەرێمی کوردستان دا:**

لە ئەگەری دەستەوەستان بوونی حکومەتی هەرێم و وەرنەگرتنی هەرەشەی ڕاستەقینەی ئەم ژمارە زۆرەی دەربەدەر و ئاوارە لە هەرێم دا و هاتنی بەردەوامیان، ئەوا هەرێم لە چەند ڕوویەکەوە دووچاری مەترسی ڕاستەقیەی هەمەجۆر دەبێتەوە(ڕامیاری و بەڕێوەبردن و ئاسایش و ئابوری و کۆمەلآیەتی...) چ لە ئێستا و چ لە ئایندەدا، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر هەر یەکێك لەم لایەنانە دەدەین:

١-لایەنی ڕامیاری، ئەم کۆمەلّە مرۆییە زۆرە لە هەرێم دا بە تێپەڕ بوونی کات دەتوانن باشتر خۆیان ڕێکبخەنەوە لە ڕووی ڕامیاری دەتوانن لێرە گروپ و ڕێکخراوی ڕامیاری دروست بکەن، یان دەتوانن بچنە ریزەکانی ئەو گروپ و ڕێکخراوە ڕامیارییانەی تر لە ناوچەکانی دی عێراق کە دژایەتی سەرسەختی کورد و دۆزە ڕەواکەی دەکەن، بۆنمونە چەندین کەسایەتی دیاری عەرەبی سونی و شیعی هەن پاش ئەوەی لەهەرێم دالّدەدران و یارمەتی دراون بەلآم پاشتر توندتر لە داعش و بەعسیەکان بە زمانێکی زۆر زبرتر و بەدەنگێکی زۆر نەشازتر

دژایەتی مافەکانی گەلی کورد* و پێشمەرگە و سەرکردەکانی کردووە لە شەقامی عەرەبی و میدیای عەرەبی و تەنانەت جیهانیش لەوانە: نوری مالکی،وەفیق سامەڕائی، مەشعان جبوری، ئوسامە نجێفی...

٢- بەڕێوەبردن: پاش ئەوەی خۆیان لە ڕیزی گروپ و پارتە ڕامیارییە جۆراوجۆرەکان ڕێکدەخەنەوە، دەتوانن لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دا بەشداری بکەن و بەهۆی زۆری ژمارەیان دەتوان زیاتر لە چارەکی کورسیەکانی پەرلەمانی کوردستان یان ئەنجومەی پارێزگاکانی هەرێم ببەن، بێگومان لە پارێزگایەك تا پارێزگایەکی تر ڕێژەکەیان دەگۆڕێت بەلاَم بێ گومان لە ئێستادا نزیکەی سێیەکی دانیشتونی هەرێم پێکدەهێنن. دەکرێت لەم ڕێگەیەوە بگەنە دەسەلاَت و جارێکی تر دەسەلاَتی ئیداری کوردی بەکار بهێنن بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان و دژایەتی کردنی گەلی کورد یان بەلایەنی کەم تۆرانی تاکی کوردی لە دەسەلاَتی کوردی، زۆر سروشتییە عەرەبێك بە دشداشەوە ببێت بەسەرۆکی هەرێم لە ئایندەدا وەك چۆن ئێستا کورد کە لە ڕووی ژمارەوە بە دووەم پێکهاتەی سەرەکی دێت لە عێراق دا و سەرۆك کۆمار کوردە، دەشێت هەمان سیناریۆ بە پێچەوانە لە کوردستان دووبارە ببێتەوە و سیمای بەعەرەب کردنی دەسەلاَتی کوردی لە ئایندەیەکی نزیك دا ڕووبدات و بە جل و بەرگی عەرەبی و بە زمانی عەرەبی فەرمان دەربکرێت و کوردستانیان ناچار بە جێ بەجێ کردنی بکرێت.

٣- ئاسایش: بەهۆی ئەوەی لە ڕابووردوودا دانیشتونی عێراق بە گشتی و بەتایبەتی عەرەبەکان بە بیری شۆڤێنی بەرامبەر بە کوردستانیان و کوردستان پەروەردەکراون، پاشتریش پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و بلاَو بوونەوەی گروپە ئیسلامییە تیرۆرستییەکانی وەك دەوڵەتی ئیسلامی و قاعیدە و ... لە ناوچەکانیان، بۆیە جارێکی تر هەستی دەمارگیر بەرامبەر بەمافەکانی گەلی کورد و خاکی کوردستان نەك نوێ بۆوە بەڵکو گەیشتە لوتکەش، زۆرێك لەدەربەدەرکان دانیشتوانی پارێزگای دیالە و کەرکوك(حەویجە) و سەلاحەدین و موسڵ و ئەنبارن، ئەمانە پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ کەس و کار و هاوڕێ و هاوشارەکانی خۆیان، بۆیە بەکارهێنانیان لە لایەن گروپە تیرۆرستیەکانی ئەم ناوچانە لە هەموو ئەگەرێك نزیك ترە ، بۆ ئەنجام دانی کاری تیرۆرستی، ئەنجام دانی تەقینەوەکانی هەولێر باشترین دەرخەری ئەم ڕاستییەن. یان بەلایەنی کەم دەتوانن کاری هەواڵگری بۆ دوژمنانی گەلی کورد ئەنجام بدەن، چ عێراقی بێت یان بۆ وولاَتانی هەرێمی.

٤- گۆڕانی دیمۆگرافیا: هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی دەربەدەر دەبێتە هۆی تێکچونی دیمۆگرافیای شارەکای هەرێم و زیاد بوونی دانیشتوانی عەرەب لە شارەکانی هەرێم بە شێوەیەکی نا سروشتی** ، ئەمە و جگە لەوەی

---

* -پەرلەمانتاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق( سوزان بەکر) دەڵێت"ژمارەیەك پەرلەمانتاری خولی ئێستاو خولی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەشاری هەولێر نیشتەجێن وەك میسال ئالوسی،تالیب ئەلمیعماری، لیقا وەردی، ڕەعدی ئەلدهلکی و چەندین پەرلەمانتاری تر"وتیشی"لە نێو ئەو پەرلەمانتارانەدا چەند کەسێکیان چاکەی گەلی کوردیان لەبەر چاو نییە کە جێگەی کردونەتەوە وەك ڕەعد ئەلدهلکی کە هێرش دەکاتە سەر کورد"لە ١٢ مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ چەند پەرلەمانتارێکی دیالە کوردیان بە داعش چواندبوو، هەر بەم هۆیەشەوە فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕەخنەی لە لێدوانی ئەو پەرلەمانتارانە گرت، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بونی پەرلەمانتاران و عەرەب لە پارێزگای هەولێر تکایە بڕوانە: خەندان، زیاتر لە ٣٠ پەرلەمانتاری عەرەب لە هەولێر نیشتەجێن،( http://xendan.org/dreja.aspx?=hawal&jmara=٢٣٥٥٨&Jor=١)(١٧کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

** - بە پێی ڕۆژنامەی(THE WALL STREET JOURNAL) لە ٢ تەموزی ٢٠١٥ دا شەقلاوەی چیتر شارێکی کوردی نیە, لەبەر ئەوەی ژمارەی عەرەب لە ژماری کوردە ڕەسەنە خاوەن ماڵەکە زیاترە، دیارە نوسەر مەبەستی ئەوە نیە بلێت شەقلاوە

**یەکێك لە تایبەتمەندی عەرەب بە گشتی و بە تایبەتر عەرەبی عێراقی خستنەوەی منداڵی زۆرە ئەگەر بەراورد بکرێت بە نەتەوەکانی دەوروبەر(نەتەوەی کورد بە تایبەتی*)، هیچ گومانی تێدا نیە زۆری خستنەوەی منداڵ و پێچەوانەیە لەگەڵ بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری تاك بە گشتی مەگەر لە حاڵەتی ناوازەدا نەبێت، مانەوەی عەرەبەکان لە هەرێم دا ، بە سود وەرگرتن لە جێگیری باری ڕامیاری و ئاسایش ئەگەر بەراورد بکرێت بە زێدی خۆیان هاندەرە بۆ خستنەوەی منداڵی زیاتر، ئەمە و جگە لەوەی تا ئێستا دیاردەی فرە ژنی بە یاسا ڕێکنەخراوە لە بەشەکانی تری عێراق دا، بۆیە شتێکی زۆر سروشتیە لە خێزانێکی دەربەدەردا زیاتر لە ژنێك هەبێت، ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ خستنەوەی منداڵی زیاتر، بۆیە بەجێگیری دۆخی ئێستا(نەگەڕانەوەیان)، ئەگەری هاوتا بوونیان لێ دەکرێت بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم و لە ئایندەیەکی دورتریشدا دەبنە زۆرینە لە هەرێم دا.**

**٥-گرفتی ئابوری: هاتنی ئەم لێشاوە زۆرەی ئەم کۆمەڵە مرۆییە، دەبێتە هۆی دروست بوونی فشارێکی زۆر لەسەر حکومەتی هەرێم، چونکە لە ئێستادا حکومەتی هەرێم بە قۆناغێکی سەختی ئابوریدا تێدەپەڕێت پاش ئەوەی لە لایەن بەغاوە بوودجەکەی بۆ چەند مانگێك بڕدرا و پاشتر کەمکرایەوە، بۆیە حکومەتی هەرێم لە ئێستادا ناتوانێت تەنانەت خزمەت گوزاری سەرەتایی بۆ دانیشتوانی هەرێم پێشکەش بکات، هاتنی ئەم ئاوارانە دۆخەکەیان بۆ حکومەتی هەرێم سەختترکردوە** لە پێشکەش کردنی ئاو، کارەبا، پێداویستی پزیشکی و خوێندنگا... ئەمانەش لەسەر حسابی دانیشتوانی هەرێمن، لە کاتێکدا دەبوو حکومەتی فیدراڵ بە پێی ڕێژەیان بوودجەی ئەم دەربەدەرانەشیان بۆ هەرێم بناردبایە نەك بوودجەی حکومەتی هەرێمیان بڕیبایە. هەر تاکێکی**

---

شارێکی کوردی نیە، بەڵکو تەنها مەبەستییەتی بڵێت کە ڕێژەی کورد کەمترە لە ڕێژەی عەرەبی دەربەردەر لە شارێکی کوردی حکومەتی هەرێم. بۆ زانیاری زیارت لەسە ڕێژە و ژمارەی کورد و عەرەب و ناوی نوێی شەقلاوە پاش هاتنی دەربەردەری عەرەب تکایە بڕوانە:

yaroslav rofimov, Arabs Fleeing Islamic State Upset Kurdistans Ethnic Balance,( http://www.wsj.com/articles/arabs-fleeing-islamic-state-upset-kurdistans-ethnic-balance-١٤٣٥٨٣٣٣٤٧),(july٢,٢٠١٥)

* -بە پێی ڕاپۆرتی ڕوپێوی تۆڕی زانیاری عێراق قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بەرەو بچوکبونەوە و داتەپین دەچێت و نزمترین ڕێژەی قەبارەی خێزانیش بەر شارنشینانی پارێزگای سلێمانی دەکەوێت، بەجۆرێك بەرزترین قەبارەی خێزان لە دانیشتوانی شار چوار کەسە و لە دانیتشوانی گوندەکانیش پێنج کەسە.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر قەبارەی خێزانەکانی هەرێم تکایە بڕوانە: رامان عومەر،"قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بەرەو بچوکبونەوە دەچێت"( http://www.awene.com/article/٢٠١٣/١١/٢٠/٢٧٤٥١)،(٢٠تشرینی دوومی ٢٠١٣).

** - بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانان دەڵێت: لە ئێستادا بە ئەستەم حکومەتی هەرێم دەتوانێت یارمەتی دەربەدەر و ئاوارەکان بدات، بەهاتنی ژمارەی نوێ یارمەتی دانی ئاوارە و دەربەدەر لەسەرو توانای حکومەتی هەرێم دەبێت بانکی جیهانی پێشبینی کردوە ئەگەر هیچ شەپۆلێکی ئاوارەبوون نەیەت بۆ هەرێم، ئەوا هەرێم پێویستی بە یەك ملیار و سێ سەد ملیۆن دۆلار هەیە بۆ ئەوەی کارگەری هاتنی ئاوارە و پەنابەرەکان بڕەوێنێتەوە، لە ئەگەری هاتنی سێ سەد هەزاری تر ئەوا هەرێم پێویستی بە دوو ملیار دۆلار دەبێت.بۆ زانیاری زیاتر لەسەر توانای هەرێم لەم ڕووە و خەمساردییەکانی بەغا بۆ ئەم پرسە، تکایە بڕونە: حکومەتی هەرێم کورودستان، هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری زیاترە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، (http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٣&a=٥٣٣٤٠)(١٩مایسی ٢٠١٥).

ئاوارە یان دەربەدەر مانگانە پێویستی بە(٢٨٢)[***] دۆلاری ئەمەریکی دەبێت بۆ خزمەت گوزارییەکانی ئاسایش و سوتەمەنی و پەروەردە و ئاوی خاوێن و خۆراك.. ئەگەر(٢,٠٠٠,٠٠٠) ئاوارە و دەربەدەر لە هەرێم بن، ئەوا لە مانگێکدا پێویستیان بە(٥٦٠,٠٠٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمەریکی هەیە و لە ساڵێکدا بڕکە دەکاتە(٦,٧٢٠,٠٠٠,٠٠٠)دۆلاری ئەمەریکی هەیە..

ئەمەو جگە لەوەی لەسەر هاولاَتیانی کوردستانیش نرخیان بەرزکردۆتەوە وەك زیادکردنی نرخی شەمەك و کەل و پەلی ڕۆژانە و نرخی کرێی یەکەی نیشتەجێ بوون، ئەمەش لە ئێستادا فشارێکی زۆرە لەسەر دانیشتونی هەرێم بە تایبەت توێژی مووچە خۆر، بەتایبەت تریش خێزانی پێشمەرگەکان کە داهاتیان زۆر کەمترە لە بڕی پێویستی ژیانی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان دا.

٦- گرفتی کۆمەلاَیەتی: لە ئایندەیەکی نزیك دا پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت، چ گۆڕان بێت لە ژمارە و ڕێژەی ئاینزاکانی هەرێم، چ گۆڕانکاری لە ڕێژە و ژمارەی پێکهاتەی ڕەگەزی لە هەرێم دا، چونکە ئەوانەی کە هاتوون زۆرینەیان لە ڕەگەزی مێ و لە توێژی مندالاَن[*] و لاوانن، ئەمە و جگە گۆڕانکاری لە ئاستی ڕێژەی خوێندەواری لە هەرێمدا ، چونکە زۆرێك لە منداڵەکانیان بەهۆی کێشەی سەربازی و ڕامیارییەکانی عێراق نەیاتوانیوە بخوێنن، یان لە کوردستان توانای بەردەستی ئابوری زۆر کەمە تا بتوانن بە پێی بڕی پێویست خوێندنگە و مەنهەجی خوێندنیان بۆ دابین بکرێت و بخوێنن، بۆیە لە ئایندەدا لەشکرێك لە نەخوێندەوار دروست دەبێت کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێن بەکاربهێنرێن بۆ دژایەتی کردنی گەلی کورد، یان هەر مەبەستێکی تری نەخوازراو.

٧- دۆزی خاك یان سەرزەمین: ئەگەر بڕیار بێت بە ڕیفراندۆم گەلی کورد چارەنوسی خۆی دیاری بکات، یان بڕیاری لە هەر پرسێکی جوگرافی یان ڕامیاری بدات ، ئەوا بە بەشداری پێکردنی ئەم دەربەدەرانە دەکرێت بالاَنسی دەنگی بەشداربوون بگۆڕدرێت بۆ هەڵوێستێك کە دژی خواستەکانی گەلی کورد و پرسە ڕەواکەی بێت. جگە لەوەی بە پێی مادەی ١٤٠ دەبوو هاتوەکان کە بەشدارییان پێکراوە لە پرۆسەی بەعەرەبکردن بگەڕانایەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان، ئەم بڕگەیە نەك جێ بەجێ نەکراوە و ناکرێت، بەڵکو زیاتر لە نیوملیۆن دەربەدەری تر تەنها ڕوویان لە شاری کەرکوك کردوە و ناڕاستەخۆ بەشداری کارا دەکەن لە بەعەرەب کردنێکی نوێی کەرکوکی سیمبولی بەرخودانی گەلی کورد بە تایبەتی و ناوچە کوردستانیەکانی تری دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەگشتی.

٨- شێواندنی زمانی کوردی، وەك دەزانین لە ئێستادا زیاتر لە شێوەزارێك زمان لە کوردستان دا هەیە، کە هەموویان کورد بوونیان نەك خاڵی هاوبەشە، بەڵکو مایەی شانازیشیانە، دەکرێت بەهاتنی ئەمان و مانەوەیانە لە کوردستان شێوەزاری پارچەکانی کوردستان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت ئەمە جگە لەوەی کە عەرەبەکان ناتوانن چەند پیتێکی کوردی گۆ بکەن، بۆیە هیچ دوور نیە شێوەزارەکان بە گشتی بگۆڕن لە هەرێم دا ، ئەمەش بە خاڵێکی سەرەکی توانەوەی گەلی کورد دادەنرێت لە ئایندەدا. جگە لەوەی بەگشتی میللەی کورد میللەتێکی

[***] – نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلان دانان-حکومەتی هەرێم،پلانی وەلامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ١٥/٩-١٥ /٢٠١٤/١١، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

[*] - ژن و منداڵ(٧٠٪) ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق پێکدەهێنن،هەورامان عەلی، ڕووبارە خوێنەکانی عێراق هەر وشکیان نەکردا،( http://www.dengekan.info/dengekan/١١/١٤٥٠.txt),(٤تەموزی٢٠١٥).

كارتێكەرە[**] بۆ نمونە لە ئێستا دا داڕشتنی ڕستە و فرێز كوردی بە پێوانەی زمانی عەرەبی دەردەبڕدرێت و دەوترێت(هەستا بەكردنەوەی پێشانگایەك)ئەمەش دەقا و دەق وەرگێرانی ڕستە عەرەبییەكەیە(قام بفتح المعرض)لەبری ئەوەی بوترێت(پێشانگایەكی كردەوە)، یان دەوترێت و دەنوسرێت(سەمونخانەی قەلأدزێی ئۆتۆماتیكی) لەبری ئەوەی بوترێت یان بنوسرێت(سەمونخانەی ئۆتۆماتیكی قەڵادزێ) یان قسەكردن بە زمانی عەرەبی لەگەڵ دەربەدەرەكان لە كاتێكدا دەبوو ئەوان هەوڵی فێربوونی زمانی كوردییان بدایە، یان نوسین بە زمانی عەرەبی لە شوێنە گشتییەكانی وەك چێشتخانە و شوێنە گەشتیارییەكان لەبری(چونەژورەوە و چونەدەر) دەنوسرێت (دخول و خروج) لە بری ئەوەی گوێ لە گۆرانی (كوردی)بگیرێت و بایەخ بە شیعر و دراما و كەلتوری كوردی بدرێت، ئەوا بە زۆری گۆرانی و زنجیرەی(عەرەبی)یە، كە ئەمە لە داهاتوو دا سەرباری زمان و ئەدەب كاردەكاتە سەر داب و نەریتە كۆمەلأیەتییەكانیشمان[١٨].

٩- بەریەك كەوتنی كلتور: ئەگەر چی كلتوری ئێمەی كوردستانیان بە گشتی نزیكە لە گەلانی هیندۆ ئەورووپی و جیاوازە لە كلتوری عەرەب، بەلأم لە ئەنجامی داگیركردنمان لە لایەن عەرەبەكانەوە لە چواردە سەدەی ڕابووردوودا هەندێك كلتوریانمان بەسەر دا فەرزكراوە، بەلأم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە جیاوازیشمان نیە، هاتنی ئەم ژمارە زۆرە دەربەدەر لە هەرێم دا وا دەكات ئەوان هەندێك سیفات و كتلوری ئێمە وەربگرن و بە پێچەوانەوەشەوە ئێمەش هەندێك سیفات و كلتوری ئەوان وەر بگرین، لە كاتێكدا زۆرینەیان لە شار و شارۆچكەكان و تەنانەت لە گوندەكانی هەرێمیشدا نیشتەجێ بوون ، وەك شێوازی جل و بەرگ لە شوێنی گشتی، كە بەگشتی ئەمان جل و بەرگی ناومالٚ بۆ دەرەوە بەكاردەهێنن، یان لەبەر كردنی جل و بەرگی كلتوری خۆیان(دشداشە)لەلایەن كوردەكانەوە بەتایبەت لاوان، یان شێوازی دواندن و نان خواردن ، شایی عەرەبی و گوێ گرتن لە گۆرانی عەرەبی لە لایەن لاوانی كورد بەتایبەتی لە ناو ئۆتۆمبێل و زەنگی مۆبایل... ڕەنگە هەر هیچش تێنەگەن لە كاتێكدا لاوی نوێی كورد هەر هیچ لە زمانی بێگانە بەتایبەت عەرەبی نازانن. ئەمە جگە لە هەندێك كاری زۆر نامۆ بە كۆمەلگای كوردەواری وەك فرۆشتنی كچ لە تەمەنێكی زۆر كەم دا بەنرخێك كە لە نرخی هەندێك لە پەلەوەرە ماڵیەكانیش كەمترە[*].

١٠- ڕێژەی تاوان: لەكاتێكدا كە هەرێم لە قەیرانێكی سەختی ئابوریدایە و زۆرێك لە پرۆژەكانی كەرتی تایبەت وەستاون و بێكاری بە ڕێژەیەكی زۆر لە هەرێم دا زیادی كردوە، هاتنی ئەم دەربەدەرانەش بوونەتە سەربار بۆ زیادكردنی قەیرانی بێكاری، سەرئەنجام لە هەر شوێنێكیش بێكاری زۆر بێت سەر دەكێشێت بۆ زۆر

---

[**] – كۆمەڵگاكەمان كۆمەڵگایەكی سەربەخۆ و و خاوەن بڕیار نەبوە و كاروبارەكان بە دەست خۆی نەبوە لە ڕابوردوودا و لە ژێر كاریگەری نەتەوەی سەردەست بوە، بۆیەش زیاتر كۆمەڵگایەكی كارتێكراوە وەك لەوەی كارتێكەر بێت، هەر بۆیە زوو و بە ئاسانی كاریگەری خەڵك و داب و نەرتی ئەوانەی دی بەسەریەوە جێ دەبێتەوە و بە دیار دەكەون: دیدار لەگەڵ: صالح ابراهیم حسین، مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانكۆی ڕاپەرین،٢٤مایسی ٢٠١٥.

[١٨] – دیدار لەگەڵ م. خۆشناو عەزیز حەمە ئەمین، ماستەر لە مۆرفۆسینتاكسی كوردی، ٢٤مایسی ٢٠١٥.

[*] - داعش-یش هەمان هەڵسوكەوتی گرتۆتە بەر بەرامبەر بە كچ و ژن و منداڵە دەستگیركراوەكانی ئاینزاكانی ئێزیدی و مەسیحی، بە جۆرێك نرخی هەندێكیان تەنها(٧٥٠٠٠)حەفتا و پێنج هەزار دیناری عێراقیە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نرخەكان بە پێی باری كۆمەلأیەتی و تەمەن تكایە بڕوانە پاشكۆی ژمارە(٨).

بوونی تاوان، بۆیە لە ئێستادا زۆر بوونی تاوان لە لایەن عەرەبەکانەوە لە هەرێم دا هەستی پێدەکرێت**. ئەمە جگە لەوەی باندی جۆراجۆر لە هەرێم سەرهەڵدەدەن، وەك باندی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و فڕاندنی مرۆڤ و باندی بازرگانی کردن بە چەك و تەقەمەنی و باندنی بازرگانی کردن بە جەستەی مرۆڤ و باندنی بازرگانی کردن بە مادەی سڕکەر...

١١- هەڵهاتن لە یاسا: هەندێك لەو کەسانەی کە لە ژێر ناوی لێقەوماوان و دەربەدەردا هانایان بۆ هەرێم هێناوە، مەبەستیان هەڵهاتنە لە دەستی یاسا، چونکە هەندێك لەو دەربەدەرانە بەرپرسن لە ئەنجام دانی چەندین تاوان دژ بە گەلانی عێراق بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی ، بە تایبەتتر بەرامبەر بە دانیشتوانی زوڵم لێکراوی گەڕاوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بۆیە ئەگەر زۆر بە ووردی چاودێری نەکرێن و ڕاپێچی بەردەم یاسا نەکرێن دوور نیە تاوانی تری ڕفاندن یان کوشتن... ئەنجام بدەنەوە و ناوبانگی ئاسایشی هەرێم لەکە دار بکەن*.

١٢- زۆر ژمارەی دەربەدەر لە پارێزگاکانی هەرێم، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کردن لە چڕی و دابەش بوونی دانیشتوان* و لە پارێزگاکانی هەرێم و تێکدانی بەرنامە و ماستەر پلانی حکومەتی هەرێم کە بۆ شارەکانی دانابوو، ئەمە و جگە لەوەی کۆبوونەوەکانیشیان لەسەر بنەمای ئاینی و مەزهەبی و ناوچەگەری و هۆز گەری دەبێت، ئەمەش وادەکات لەم کاتەی حکومەتی هەرێم پێداویستی سەرەتاییان پێنەگات، وەك ئاو ، کارەبا، تەندروستی ... سەر ئەنجام دەبێتە هۆی زۆر بوونی نەخۆشی کە جارێکی تر چارەسەرکردنیان بوودجەیەکی زۆرتری حکومەتی هەرێم بۆئەم کەرتە دەڕوات. ئەمە و جگە لە چەندین لایەنی نەرێنی تر وەك لە شێوەی ژمارە(٥)ڕوونکراوەتەوە.

---


** - بە پێی لێدوانی ووتە بێژی پۆلیسی هەولێر، تاوانی جۆراوجۆر لە پارێزگای هەولێر بەگشتی زیادی کردوە لە ساڵی ٢٠١٤ دا، ئەگەر بەراورد بکرێت بە ساڵانی ڕابووردوو، ئەویش پاش ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەربەدەری عەرەب ڕوویان لەم پارێزگایە کرد لە پاش داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لەسەر تاوان لە هەولێر لەساڵی ٢٠١٤ دا تکایە بڕوانە: ئەحمەد باڵەکی، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر: زۆربەی تاوانەکان پەیوەندی بەهاتنی عەرەبەکانەوە هەیە،( http://hawlati.co/٦٣٩٠٠/ ئەرشیڤەکان)(١٥کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

* - بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی ڕایگەیاند زیاتر لە ٣٠ کەسیان لە ناو ئاوارە عەرەبەکاندا بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیر کردوە و دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی دەستگیرکردن و شوێنی دەستگیرکردنیان تکایە بڕوانە:تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن،ئاسایشی سلێمانی ٣٠ ئاوارەی عەرەب بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە دەستگیر دەکات،( http://knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=٥٣٠٥٥&LinkID=٤&video=True&leguaid)(١تەموزی٢٠١٥).

* – ژمارەی کەمپەکانی هەرێم(٢٦)کەمپن، ١٦ کەمپ لە پارێزگای دهۆك و ٥ کەمپ لە پرێزگای هەولێر و٥ کەمپ لە پارێزگای سلێمانی دا هەن، هەر تاکێکی ئاوارە یان دەربەدەر(٣,٥م٢)بەردەکەوێت ئەگەر وا دابنێین ژمارەیان(٢,٠٠٠,٠٠٠)کەس بێت، ئەوا(٧,٠٠٠,٠٠٠)م٢یان پێویستە بۆ نیشتەجێ بوون، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕنکاری لەچڕی و دابەش بوونی دانیشتوان لە هەرێم دا : نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلان دانان-حکومەتی هەرێم،پلانی وەلامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ١٥/٩-١٥ /٢٠١٤/١١سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

**شێوەی ژمارە (٥)**

**لایەنی نەرێنی هاتنی دەربەردەر بۆ کۆمەڵگای میوان لە ڕوانگەی دانیشتوانی کۆمەڵگای میوان و دەربەدەرانەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە سود وەرگرتن لە :المنظمة الدولية للهجرة– العراق، النزوح الداخلي في العراق مقوقات الاندماج،مصدر سابق، ص٣٠.

**ئەنجام**

وەك ئاشکرایە جێگۆڕکێ لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بوونەوەران بە گشتی و مرۆڤ بە تایبەتی، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەر زەوی ئەم چالاکیەی ئەنجام داوە، لە ئێستادا نزیکەی دوو ملیۆن لە دەربەدەری عێراقی و ئاوارەی سوری لە هەرێم دا نیشتەجێن، ئەگەر بێتوو بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و پلان بۆ داڕێژراو مامەڵە لەگەڵ ئەم ژمارە زۆرەی دەربەدەری عێراقی و ئەم دۆخە نەکەین دور نیە ببێتە خۆکوژییەکی ڕامیاری و سەربازی و جوگرافی... چونکە دەتوانن ببنە هەڕەشەیەکی زۆر کاریگەر لەسەر ئێستا و ئایندەی هەرێم لە ڕووەکانی، ڕامیاری، کارگێڕی و ئاسایش و هەڵبژاردن و ئابوری و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی... لە کوردستان دا، چونکە شڵەژاوی بارودۆخی ڕامیاری، ئاینی و مەزهەبی، ئابوری... عێراق بەتایبەتی و ناوچەکە بە گشتی، پارمەتی دەر نیە بۆ گەڕانەوە ئەم دەربەدەر و ئاوارە سوریە عەرەبەکان بۆ سەر زێدی خۆیان، بەپێچەوانەشەوە کوردستان دەتوانێت وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی وێنا بکات لەبەرچاوی کۆمەڵگای جیهانی وەك فریاد ڕەسێك بۆ کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی و لێقەوماوانی عێراقی و هەرێمی بەشێوەیەکی بە گشتی.

## ڕاسپاردە

بۆ ئەوەی پارێزگاکانی هەرێم بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە زەرەرمەند نەبێت لە لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دەربەدەر و ئاوارە، لە لایەنەکانی ڕامیاری، ئابوری، کۆمەلأیەتی، هەلبژاردن، خاك... چەند هەنگاوێك هەیە دەبێت بگیرێنە بەر لەوانە:

١. وەرگرتنی بەلێن نامە لە دەربەدەرە هاتوە عێراقیەکان بە تایبەت عەرەبەکان، بە باش بوونی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکانیان بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، تا لە هەرێمیش بن بەهیچ جۆرێك دژایەتی مافەکانی گەلی کورد نەکەن. ئەمە جگە لە وەرگرتنی زانیاری تەواوی کەسی و خێزانی و بنەمالەیی و ڕامیاری و ئاینی... بەمەبەستی دلنیا بوون و ئەستۆ پاکی دەربەدەر، ئامانج لێی تا نەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی هەرێم. هەروەها دەبێت سەرجەم ئاوارە و دەربەدەرەکان لە کەمپی تایبەت کۆبکرێنەوە ، بەمەبەستی کۆنترۆل کردنی جولە و هاتووچۆیان بۆ ناوەوە و دەرەوەی کەمپ بە گشتی و بەتایبەتی بۆ هاتوو و ڕۆیشتوی دەرەوەی سنوری کوردستان. ئامانج لە کۆکردنەوەییان لە کەمپی تایبەت بۆ ناچارکردنی وولأتان و ڕێکخراوە جیهانیەکانە بۆ یارمەتی دانیان و هەست کردن بە فشاری سەر شانی حکومەتی هەرێمە کە لە هەندێك شار دا ژمارەیی ئاوارە و دەربەدەر لە ژمارەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی زیاترە. ئەمە جگە لە هەماهەنگی کردن لەگەل دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقی بۆ دلنیا بوون لە دزەنەکردنی ئەندامەکانی داعش بۆ ناو کەمپەکانی دەربەدەر و ئاوارەکان لە هەرێم دا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەسانی گومانلێکرا و تاوەنباران.

٢. چاودێری کردنی جموجول و ژمارە تەلەفۆنەکانیان بەتایبەت پەیوەندییە دەرەکییەکانیان بەمەبەستی پاراستنی زیاتری خاکی هەرێم. چاودێری کردنی بڕە پارەی گواستراوە، چ بە ناوی کۆمپانیاوە بێت یان هەر ناوێکی تر، تا نەبنە بانکێکی ژێدەر بۆ گروپە تیرۆرستیەکان(واتە پێشگیرکردن لە شتنەوەی پارە-تبیض الاموال) و دروست نەکردنی ناسنامەی حکومەتی هەرێم بۆیان، نەگواستنەوەی کۆبونی خۆراکیان بۆ پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم. قەدەغەکردنی فرۆشتنی مال و مولکی پێیان، تا نەبنە خاوەنی مولك لە هەرێم وپاشتر بەکارنەهێنانیان دژ بە دۆزی گەلی کورد. هەروەها چاودێریکردنی تەندروستی[*] دەربەدەرەکان، مەبەست لێی دلنیا بوون لێیان کە هەلگری نەخۆشی ترسناك نین، یان دلنیا بوون لە تەندروستی جەستەیان، نەبا پاش بریندار بوونیان بە فیشەك و تەقینەوە، بە مەبەستی هەلهاتنیان بە ناوی ئاوارە یان دەربەدەر ڕوویان لە هەرێم کردبێت.

٣. دانانی کەسانی پسپۆڕی بواری دەروون ناسی و کۆمەلناسی لە بازگەکاندا بەمەبەستی دیاریکردن و ناسینەوەی تاوانباران و دانانی ئامێری سکانەر و ئامێری تیشك لە بازگەکان بۆ دلنیا بوون لەوەی کە هیچ کەل و پەلێکی جەنگییان پێ نیە لەکاتی داخل بوون بۆ هەرێم یان لە کاتی هاتوو چۆکردنیان لە نێوان شارەکانی هەرێم دا. جگە لە دروست کردنی ناوەندێکی زانیاری بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لە هەموو ئەو کەسانەی کە داخلی کەمپەکە دەبن یان بە ئیش و کار دێنە دەرەوە، لەگەل زانینی هۆکاری هاتنە دەرەوەیان.

---

[*] - لەناو ئاوارەکانی هەرێم دا چەندین جۆری نەخۆش گواستراوە بەدی کراوە وەك(ووشکبونەوە و هەوکردنی گورچیلە و تای گران و سۆریکە ... نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلان دانان-حکومەتی هەرێم،پلانی وەلامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ١٥/٩-١٥ /١١/٢٠١٤، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

٤. ناچارکردنی ڕێکخراوە مرۆییە جیهانیەکان بەیارمەتی دانی ئاوارە سورییەکان بە تایبەتی و دەربەدەرە عێرقیەکان بە گشتی، تا هەرێم هیچ نەبێت بەو بڕە پارەیەی لە خزمەت کردنی ئاوارەکاندا خەرجی دەکات، لە شەڕی ڕووبەڕوو بوونەوەی داعش خەرجی بکات و ژیانی ئاوارەو دەربەدەران و کورد نشینانی لە دڕندەیی داعش پێ بپارێزێت. ناچارکردنی حکومەتی عێراقی بە زیادکردنی بوودجەی هەرێم لە ڕێژەی ١٧٪ بۆ ڕێژەیەکی شایستە بە ژمارەی دەربەدەر عێرقیەکان لە هەرێم دا. هەروەها پێدانی ژمارە و تابلۆی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکانیان بەمەبەستی یەکخستنی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانیان تا لە کوردستان بن، ئامانج لێی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگاکان و وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، بۆ بواری ئاسایش و سەپاندنی باج و سزاو ڕسوماتە یاسایەکانی ترە کە لەهەر ئۆتۆمبێلێکی تر وەردەگیرێت لە هەرێمی کوردستاندا،

٥. نەکردنەوەی دایەنگە و باخچە و قوتابخانە بە زمانی عەرەبی، چونکە لە ئەگەری نەکردنەوەی قوتابخانە بۆ نەوەکانیان، دەکرێت لەکاتی باش بوونی بارودۆخی ئەمنی بگەڕێنەوە بۆزێدی خۆیان، خۆ لە ئەگەری مانەوەشیان و فێربوونیان بە زمانی کوردی، ئەوا زمانی عەرەبی نابێت بە هەڕەشە بۆ زمانی کوردی لە ئایندەدا، چونکە بە تێپەڕ بوونی کات ئەگەر هەمووشیان نەبێت زۆر لەنەوەکانیان فێری زمانی کوردی دەبن و زمانی دایکی خۆیان لە بیر دەکەن، بۆ نمونە کەم نین لە نەوەی ئەو کوردانەی کە لە خۆرئاوا پەنابەرن و زمانی کوردی نازانن، بەتایبەت ئەوانەی کە لە خۆر ئاوا لە دایك بوون. ئەمە جگە دانەمەزراندنیان لە دام و دەزگاکانی هەرێم دا، لە ئەگەری پێویست بوونیشان بە پسپۆڕیەکانیان گرێبەستیان لەگەڵ بکرێت، چونکە لە ئەگەری دامەزراندنیان و مسۆگەر کردنی داهاتیان، ڕەنگە بۆ هەتاهەتایە بیر لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان نەکەنەوە و بەدەست خۆمان و بە فرمانی هەڵە و پارەی کوردی، ناڕاستەوخۆ پرۆسەی تەعریب پەرە پێدەدەین لە کوردستان دا.

٦. وەرنەگرتنیان لە ڕیزی پارتە ڕامیارییەکان وەك ئەندام، چونکە هیچ گومانی تێدا نیە ئەندام بوونیان لە ڕیزی پارتە کوردییەکان بە ڕووکەش پێدانی دڵنیاییە بە پارتە ڕامیارییەکە بە خزمەت کردنی ئامانجی پارتەکە، بەڵام لە ڕاستیدا دا سود وەرگرتنە لە ناسنامە ڕامیارییەکە لە بەدەستهێنانی چەك و سەربەرستی هاتوچۆ لە هەرێم و بەکارهێنانی پلە و پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندییە شەخسی و نەتەوەییەکانی خۆیان.وەرنەگرتنیان لە ڕیزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستان بەهیچ جۆرێك، مەگەر کاری تایبەتیان پێ بسپێردرێن لە زێدی خۆیان وەك کاری هەواڵگری پاش ئەوەی حکومەت دەگاتە دڵنیایی تەواو لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی وەك گل دانەوەی خێزانەکانیان...

٧. دەبێت هەموو لایەك هەوڵی ئەوە بدەن کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زیاتر چالاك تر بن لە بواری گەیاندنی یارمەتی هەمە جۆر بۆ ئاوارە و دەربەردەر، تاکو قورسایی گەیاندنی هاوکاری و کۆمەکەکان هەمووی لەسەر شانی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان نەبێت، ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنیەکان(NGO)ئەبێت زۆر کارا تر و لەبەر چاو تر بێت کە ئەمەش خۆی یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی سەقامگیری و سەپاندنی دیموکراسی لە کۆمەڵگادا.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی**

**أ- بڵاۆکراوەی فەرمی و ڕێکخراوەکان.**

**١. سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کۆسرەت ڕەسول عەلی: کۆبونەوەی لایەنە سیاسیە عێراقییەکان لە هەولێر سازبکرێ،( http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=٠oJLYVblom٨=)(٢٣مایسی ٢٠١٥)**

**٢. حکومەتی هەرێم کورودستان، هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری زیاترە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، (١٩)(http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٣&a=٥٣٣٤٠مایسی ٢٠١٥).**

**٣. نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلان دانان-حکومەتی هەرێم،پلانی وەلامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ٩/١٥-٢٠١٤/١١/١٥،٢٠١٤،ل٣.**

**٤. حکومەتی هەرێم کورودستان،هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری زیاترە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان، (١٩)(http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?s=٠٤٠٠٠٠&l=١٣&a=٥٣٣٤٠مایسی ٢٠١٥).**

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**

**أ- پەرتوك**

**١. البياتي ، فراس عباس ، الانفجار السكاني والتحديات المجتمعية، الطبعة الاولى، دار غيدان للنشر و التوزيع، ٢٠١١.**

**٢. الحديثي، طه حمادي ، جغرافية السكان،مديرية دار الكتب للطباعة والنشر-الموصل،١٩٨٨.**

**٣. الخفاف، عبد علي حسن ، عبد مخور الريحاني، مطبعة جمعة البصرة،١٩٨٦.**

**٤. سهاونة، فوزي عيد ، سمحة ، موسى عبود ، جغرافية السكان،الطبعة الاولى، دار وائل للنشر،٢٠٠٣.**

**٥. عطوي، عبدالله ، جغرافية السكان، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية- بيروت ،٢٠٠١.**

**ب- بڵاۆکراوەی فەرمی و ڕێکخراوەکان.**

**١- زغير، عامرعباس -وزارة الهجرة والمهجرين، النزوح الداخلي و ثره علي لاقتصاد العراقي، بدون سنة طبع.**

**٢- مفوضية الامم المتحدة لشؤنون اللاجئين في العراق،الوضع السوري- انشاء مخيمي دوميز والقائم،مجلة من اجل العراق، ٢٠١٣.**

**٣- المفوضية السامية للامم المتحدة لشؤون اللاجئين، التكليف الانسانية للحرب الاتجاهات العالمية ٢٠١٣، ٢٠١٣.**

**٤- المنظمة الدولية للهجرة- العراق، النزوح الداخلي في العراق معوقات الاندماج، سنة ٢٠١٣.**

**٥- منظمة العفو الدولي، العراق: يزيديون اسرهم تنظيم" داعش"في خضم تصاعد الهجماع الطائفية**

**٦- هيومان رايتس وؤض، بعد التحرير حل الدمار الميليشات العراقية و ما بعد امرلي،**

**٧- وزارة الهجرة والمهجرين، (التقرير الفصلي الرابع الخاص بفئات عناية الوزارة و لغاية ٢٠١٤/١٢/٢٠)، ص١.**

**٨- وزارة الهجرة والمهجرين، احصائية اللاجئين السوريين في العراق، بدون معلومات اخرى.**

٩- وزارة الهجرة والمهجرين،المقدمة العامة،٢٠١٣.

١٠- وزارة الهجرة والمهجرين،تقرير شامل عن مشروع انشاء مخيم بردرش، منشور، بدون معلومات اخرى.

١١- وزارة الهجرة والمهجرين،تقرير مخيمات اللاجئين في اقليم كردستان،منشور، بدون معلومات اخرى.

١٢- وزارة الهجرة والمهجرين،مشروع مخيم اللاجئين السوريين في اربيل، مشنور، بدون معلومات اخرى.

١٣- وزرة الهجرة والمهجرين،تقرير باسرمة شامل٢،منشور، بدون معلومات ا خرى.

**سێیەم: دیدار**

١- م. خۆشناو عەزیز حەمە ئەمین، ماستەر لە مۆرفۆسینتاکسی کوردی، ٢٤مایسی ٢٠١٥.

٢- م. صالح ابراهيم حسين،مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی ڕاپەڕین،لە ٢٤مایسی ٢٠١٥دا.

**چوارەم: وێب سایت**

١- (PUKmedia)،داعش يحدد اسعار بيع سبايا الايزيديات والمسيحيات،(٥)(http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=٤٤٩٥٤تشرين الثاني ٢٠١٤).

٢- yaroslav rofimov, Arabs Fleeing Islamic State Upset Kurdistans Ethnic Balance,( http://www.wsj.com/articles/arabs-fleeing-islamic-state-upset-kurdistans-ethnic-balance-١٤٢٥٨٣٣٣٤٧),(july٢,٢٠١٥)

٣- الامم المتحدة- العراق، الانجازات، ( http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k٢&view=item&layout=item&id=١٠٥١&Itemid=٦٤٠&lang=ar)،٣٠نيسان٢٠١٥.

٤- ئەحمەد باڵەکی، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر: زۆربەی تاوانەکان پەیوەندی بەهاتنی عەرەبەکانەوە هەیە،( http://hawlati.co/٦٣٩٠٠/ ئەرشیڤەکان)(١٥کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

٥- تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن،ئاسایشی سلێمانی ٣٠ ئاوارەی عەرەب بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە دەستگیر دەکات،( http://knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=٥٣٠٥٥&LinkID=٤&video=True&leguaid)(١تەموزی٢٠١٥).

٦- خەندان، زیاتر لە ٣٠ پەرلەمانتاری عەرەب لە هەولێر نیشتەجێن،( http://xendan.org/dreja.aspx?=hawal&jmara=٢٣٥٥٨&Jor=١)(١٧کانوونی دووەمی ٢٠١٥).

٧- ڕادیۆ ناوخۆ، کۆچی ئێزیدیەکان بۆ دەرەوە بەردەوامە،( http://radionawxo.org/kurdi/index.php/all-news/kurdistan/item/٢٠٩٦٣-٢٠١٥-٠٦-٢٤-٠٨-٤٦-٠٧.html)(٢٤حوزەیرانی٢٠١٥).

٨- ڕامان عومەر،"قەبارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بەرەو بچوکبونەوە دەچێت"( http://www.awene.com/article/٢٠١٣/١١/٢٠/٢٧٤٥١)(٢٠،تشرینی دوومی ٢٠١٣).

٩- الشرق الاوسطن بالفيديو..عائلات هاربة من الرمادي تعلق وسط عاصفة رملية بعدما اغلق الطريق باتجاه بغداد،(-http://arabic.cnn.com/middleeast/٢٠١٥/٠٥/٢٢/me-٢٢٠٥١٥-iraq
٢٢)(displaced-people-stuck#autoplayمايس ٢٠١٥) .

١٠- قناة دجلة، هادي: ١٤الف عدد نازحي الانبار الذين وصلوا لي اربيل،(
٢٤)(http://www.dijlah.tv/index.php?page=article&id=١٨٣٤٠٧مايس٢٠١٥).

١١- اللجنة الدولية للصليب الاحمر، اللاجئون والنازحون. -https://www.icrc.org/ar/war
٢٢)(and-law/protected-persons/refugees-displaced-persons نيسان٢٠١٤)

١٢- المفوضية السامية للام المتحدة لشؤن اللاجئين،اتفاقية الامم المتحدة لعام ١٩٥١ و بروتكول عام ١٩٦٧ الخاصين بوضع الاجئين.( ٢٢)(http://www.unhcr-arabic.org/٤d١١b٣٠٢٦.html
نيسان٢٠١٤))

١٣- **هەورامان عەلی، ڕووبارە خوێنەکانی عێراق هەر وشکیان نەکرد!،(**
٤)(http://www.dengekan.info/dengekan/١١/١٤٥٠.txt),تەموزی٢

پاشکۆی ژمارە(١)

ئاوارە لە کەمپی باسرمە- هەولێر



سەرچاوە:وزرة الهجرة والمهجرين،تقرير باسرمة شامل٢، منشور بدون معلومات ا خرى، ص٦.

پاشکۆی ژمارە(٢)

دروست کردنی کەرڤانە بۆ ئاوارەکان




سەرچاوە: وزارة الهجرة والمهجرين،مشروع مخيم اللاجئين السوريين في اربيل، منشور،بدون معلومات اخرى، ص٥.

شێوەی ژمارە(٣)


دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون و خزمەت گوزار بۆ ئاوارەکان لە کەمپی باسرمە- هەولێر





سەرضاوة:المصدر نفسه، ص١٦.

**ژمارە(٤)**

**پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری هەمەجۆر بە ئاوارەکان لە کەمپی باسرمە- هەولێر**







**سەرضاوة:المصدر نفسه، ص٣-٤.**

پاشکۆی ژمارە(٥)

دروست کردنی تەوالیت بۆ ئاوارەکان لە کەمپی بەردەڕەش- دهۆك



سەرچاوە:وزارة الهجرة والمهجرين،تقرير شامل عن مشروع انشاء مخيم بردرش،منشور بدون معلومات اخرى، ص٧.

پاشکۆی ژمارە(٦)

دروست کردنی زێرابی سندوقی لە کەمپی دۆمیز- دهۆك



سەرچاوە:وزارة الهجرة والمهجرين،تقرير مخيمات اللاجئين في اقليم كردستان، منشوربدون معلومات اخرى، ص٥.

هەواڵنامەی کتێب

## پاشکۆی ژمارە(٧)

## نرخی منداڵ و کچ و ژنی ئێزیدی و مەسیحیە سەبایەکانی لای داعش



دولة العراق الإسلامية

لا إله إلا الله

الدولة الإسلامية

العدد/ ١٧٨

التاريخ/ ٢١ ذوالحجة ١٤٣٥هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

م/ اسعار بيع الغنائم

وردنا ان سوق بيع النساء والغنائم قد شهد انخفاضا كبيرا وهو ما يؤثر على ايرادات الدولة الاسلامية وتمويل صولات المجاهدين فيها.

وبذلك فقد رتبت هيئة بيت المال وضع الضوابط والأسعار بخصوص بيع النساء والغنائم وتلتزم جميع المزاولين لهذا العمل بالالتزام بها وبخلافه سيتم اعدام كل مخالف:

| الاسعار | البضاعة |
| --- | --- |
| ..... ٧٥ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٣٠-٤٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ..... ١٠٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٢٠-٣٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ..... ١٥٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ١٠-٢٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ..... ٥٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٤٠-٥٠ سنة / ايزيدية / مسيحية |
| ..... ٢٠٠ الف دينار | لجميع الاطفال من ١ سنة الى ٩ سنة / ايزيدية / مسيحية |

لا يسمح لأي شخص بشراء اكثر من ثلاث غنائم ويستثنى من ذلك الاجانب من الاتراك والسوريين والخليجيين.

٢١ ذوالحجة ١٤٣٥هـ

سەرچاوە(PUKmedia)،داعش يحدد اسعار بيع سبايا الايزيديات والمسيحيات،(http://www.pukmedia.com/AR_Direje.aspx?Jimare=٤٤٩٥٤)(٥تشرين الثاني ٢٠١٤).

**الملخص**

**تعد الهجرة من مكان الى آخر ، هي إحدى أهم الصفات التي تتصف بها عالم الأحياء بصورة عامة و الإنسان بصورة خاصة، منذ ظهورهذا الكائن وإستيطانه على وجه الارض إتسم الإنسان بالتنقل والهجرة إما طلباً لحياة افضل أو نتيجة لصراع الإنسان مع أبناء جلدته على الأرض.و نتيجة الصراع الدائر في منطقة الشرق الأوسط سواء أكانت في سوريا والعراق بين الجماعات المسلحة وحكومات هذه الدول في العراق بين الحكومة العراقية والجماعات الإرهابية بعد سقوط النظام في مناطق المثلث السني الذي يتسم بالرخاوة الأمنية،الحاضنة للجماعات الإرهابية المسلحة، إستمر هذا الصراع وبعد إعلان الدولة الإسلامية في العراق والشام من قبل تنظيم الدولة وتمدد ها وبعد أحداث ١٠/حوزيران /٢٠١٤اي بعد إحتلال أكثر من ثلث مساحة العراق أصبح الصراع أكثر دموية نتيجة حدة القتال والصراع الطائفي الغير المعلن نزح أكثر من مليون ونصف من سنة العراق الى إقليم كوردستان وهي في زيادة مستمرة نتيجة الأحداث الاخيرة في محافظة الأنبار يضاف الى ذلك نزوح أكثر من نصف مليون من المهجرين السوريين الى اقليم كردستان حاليا نتيجة للقتال الدائر في سوريا. فالتعامل مع هكذا أعداد من النازحين والمهجرين القسريين الذي تفوق طاقة الإقليم على إستيعاب هذه الأعداد الهائلة، فضلاً عن ذلك فان تأثير المهجرين على البنية التحتية في الإقليم مثل قطاع الكهرباء ، اوالقطاع الصحي، والمدارس والطرق سيكون واضحا، و يضاف الى ذلك تأثير المهجرين على فرض العمل و على الاوضاع الإقتصادية والإجتماعية والسياسية والثقافية. ان التعامل مع هذه الأعداد من المهجرين كان امرا صعبا للغاية و غير متوقع و من دون سابق تصميم على الإقليم حاضراً مما ينعكس علي الاقليم ومستقبلاً، لأنهم قد يشكلون مصدر تهديد على الأمن الوطني للاقليم، وكنتيجة لإحتضان كوردستان للطوائف العراقية المختلفة من السنة والشيعة والمسيحية هؤلاء من الاثنية الكردية وإنتمائاتهم الأيدولوجية والمذهبية والإثنية المختلفة، من جانب آخر إيواء هذه الأعداد الضخمة من النازحين الذي يقدر أعدادهم نسبة ٢٨٪ من سكان الأ قليم، أعطى للأقليم سمعة مميزة عن التعايش السلمي بين الطوائف العراقية على أرض كوردستان في المحافل الدولية من قبل الدول الإقليمية والفاعلة والمنظمات الدولية ،على الرغم من المخاطر المترتبة على أيواء هذه الأعداد الضخمة من النازحين .**

**Abstract**

As we know migration from one place to other is one of the world biology in general and humanities in particular. People have being done this activity since appear on the earth surface .. There are nearly ٢٠٠٠٠٠ people in Kurdistan as refuges (Syrian refuges) and displacement ( Iraqi Arabic displacement).it's necessary Kurdistan regional government has got academic and scientific strong and good plan for this issue .if it doesn't have the plan it means suicides of political , military ,geographic ,security…there for they can do threat on Kurdistan region now and in the future exactly of political, administrative , security ,economical ,national ,society…Iraqi situation spatially and regional situation are not helpful to return these refuge and displacement to their places, so Kurdistan region governmental can exploitation this subject to serve the Kurdish issue.